kurdistanukurd.com

ژمارە ٦٢٣

یەکشەممە

١٥ی بەفرانباری ١٣٩٢

٥ی ژانویەی ٢٠١٤

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستان

■دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا■

## نوێنەرێکی تاران لە مەجلیس: بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمنان پێویستیمان بە بۆمبی ئەتۆم هەیە



مەحموود نەبەویان، یەکێک لە نوێنەرانی پاوانخوازی شاری تاران لە مەجلیس کە کەسێکی نیزیک لە «محەممەدتەقی میسباح یەزدی»یە، ڕایگەیاندوە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئیسراییل «کپ و بێدەنگ بکا»، پێویستی بە بۆمبی ئەتۆم هەیە.

مەحموود نەبەویان کە لەنێو کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی لە مەشهەد قسەی کردوە و گوتوویەتی:

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەشوێن بۆمبی ئەتۆمدا نیە، بەڵام بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیسراییلو دوژمنەکانی پێویستی بەم بۆمبە هەیە.

# بەفرو سەرمایەکی کەم وێنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داپۆشی

## لە پەراوێزی گەڵاڵەی پێشنیاریی حدک بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

لە بارەی هەورازو نشێوەکانی وتووێژو دانیشتنەکانی هەر دوو حیزبی دیموکرات، بە تایبەتی گەڵاڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، لێرولەوێ هێندێ قسە دەکرێن کە یەکلایەنەنو بە داخەوە لە ڕاستییەوە دوورن. بۆیە ڕوونکردنەوەی چەند ڕاستییەک بە پێویست دەزانین:

١- بیرۆکەی «پێویستە بە گەڵاڵەوە بچینە نێو دانیشتنو وتووێژەکانی پیوەندیدار بە دوو لایەنی دیموکرات»، هی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەنانەت ئەو کاتەی کە قەرار وابوو، ڕێزدار فرێدریک تیسۆ، ناوبژیوانیی نیوان ئەم دوو لایەنەی دیموکرات بکا، گەڵالەی بۆ دانیشتن و وتووێژ هەبوو. نوسخەی سەرەتایی گەڵاڵەیەک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان چەند مانگە داویە بە دەفتەری سیاسی حدکا، زستانی ڕابردوو (١٣٩١) ئامادەی کردوە. بەڵام چونکە دانیشتنەکانی دوو لایەن، لە قۆناغی سەرەتایی دابوون، حدک خستنەڕووی گەڵاڵەی خۆی دوا خست بۆ ساڵی١٣٩٢. کاتێک ئەمساڵیش دەرکەوت، دەفتەری سیاسیو هەیئەتی دانوستانکاری حدکا، لە دیدارەکاندا بە لای زۆر پرسو بابەتو ڕووداو دا دەچن، پرسی نێوان ئەم دوو لایەنەی دیموکرات نەبێ! حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندن کە ئێمە چونکە لە مەسەلەکەدا جیددین، گەڵاڵەمان بۆی ئامادە کردوەو لە چەند ئاستیشدا (دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی و...) قسەمان لێکردوە کە نیشان دەدا تێگەیشتنی ئێمە لە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان چۆنەو چۆن دەبێ چارەسەر بکرێ. ئەگەر ئێوەش جیددین، دەبێ گەڵاڵەتان هەبێو چی دیکە «کۆبوونەوە بۆ کۆبوونەوە» نەکەین. لە ژێر ئەم داوایەو بە دوای چەندین وەبیرهێنانەوەی ئەم داوایەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوو، کە وشەی «گەڵاڵە« هاتە نیو قسەکانی دۆستانی حدکا.

٢-سەرۆکی هەیئەتی دانوستانکاری حدکا لە وتووێژی ئەم دوایانەی خۆیدا باس لە بە ناو گەڵاڵەیەک دەکا کە پێشکەشی لایەنی بەرامبەری خۆیانیان کردوەو ڕەخنە لەوەش دەگرێ کە «گەڵاڵە«کەیان نەکراوە بە مەبناو بە گەڵالەیەکی دیکە وڵام دراوەتەوە! هەروەها دەڵێ هەر گەڵالەیەک، دەبێ ڕای بەرامبەرەکەشی تیدا بێ.

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم دۆستانە پێی دەڵێن «گەڵاڵە»، ڕێککەوتننامەیەکە کە ساڵی ١٣٧٥، پەیوەستبوونەوەی»حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕیبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێکەوتەوە. ئەم دۆستانە تەنانەت یەک وشەشیان لەم ڕێککەوتننامەیە زیادو کەم نەکردوە، تەنیا زەحمەتێکی کە داویانە بە خۆیان، سەرلەنوێ تاپییان کردوەتەوە! تازە ئەو کاتەش ناچار بە کۆپی کردنو تایپکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بوون کە دەیانزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، گەڵاڵەی ئامادەو پەسەندکراوی خۆی هەیەو ئەگەر هەر وا دەست لە سەردەست دابنێن و گەڵاڵەیەک نەهێنن، حدک گەڵالەکەی خۆی بۆ قسە لە سەرکردن دەدا بەوان. ئێستا لە جیاوازیی واتای «گەڵاڵە» و «ڕێککەوتننامە» کە ئەم بەڕێزانە، بە هەر هۆیەک خۆی لێدەبوێرن، دەگوزەرێین.

ل ٢



کوردستانوکورد: بەفر و سەرمایەک کە لە دوارۆژەکانی سەرماوەزی ڕابردووە دەستی پێکردبوو، هەموو پاریزگاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانو زۆربەی شار و ناوچەکانی گرتەوە.

بەفر جگە لە چیاکان زۆر لە شار و شارۆچکەو گوندەکانیشی داپۆشیو سەرما و سەهۆڵبەندانێکی توندی لە گەڵ خۆیدا هێنا. لە چەندین ناوچە بارستایی بەفر گەیشتۆتە ٨٠ سانت تا یەک میترو تەنانەت زیاتر، پلەی سەرما لە هێندێک شوێن گەیشتۆتە ٣ پلەی ژێر سیفر. قوتابخانەکان بە تایبەتی قوتابخانە سەرەتاییەکانو ناوەندییەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ تەعتیل کران.

لە هێندێک لە ناوچەکانی پارێزگەکانی ورمێ، سنە و کرماشان، بە هۆی بارینی بەفری زۆر، ڕێگەی هاتوچۆی سەدان گوند، بۆ ماوەی ڕۆژێک تا چەند ڕۆژ بەسترا. تەنانەت هاتوچۆی نیوان هێندێک لە شارەکانیش، بە هۆی بەفر و سەهۆڵبەندان، پەکیان کەوت. بە هۆی سەهۆڵبەندانی ڕیگەو بانەکانو کەمیو خراپیی پێراگەیشتن، دەیان ڕووداوی هاتۆچۆ پیک هاتن کە هێندێکیان بە داخەوە ئاکامی دڵتەزینیان لێ کەوتەوەو چەندین کەس بوونە قوربانی.

ئەمجاریش، یەکەم قوربانیانی سەهۆڵبەندانو بەفری زۆر کاسبکاران، بە تایبەتی کۆڵبەران بوون کە لە ڕێگا و ناوچەشاخاوییەکانی سەرسنوورەکانی عێراقو تورکیە خەریکی کۆڵکێشی بوون. لە سنووری ڕۆژهەڵاتو باکووری کوردستان، هەروەها لە میحوەری سپیرێزو کێڵەشین، سەرجەم پینج کۆڵبەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نیوبەفرو سەرمادا گیریان کردو بە داخەوە ڕەق هەڵاتن.

باڵندە و پەلەوەرو ئاژەڵی کێوی بۆ پەیداکردنی خواردن بە ناچار ڕوویان لە دەوروبەری شارو گوندەکانو ئاوەدانییەکان کردوە. نیگەرانیی تووشبوونی ڕێبوارو مندالانی قوتابی لە گەڵ پەلاماری حەیوانی دڕندە لە ڕێگاکانی هاتوچۆی دەرەوەی ئاوەدانی هەست پێدەکرێ.

## لەداردرانی زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە ئێران لە ساڵی ٢٠١٣ دا



لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە ئێران بە تۆمەتو تاوانی جۆراوجۆر لەسێدارە دراون.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی هەواڵ ساڵی ٢٠١٣ لانیکەم ٧٢٦ کەس لە زیندانەکانی ئێران بە تۆمەتی جیاجیا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ کراوە کە لەو ژمارەیە ٣١٩ کەسیان بە تۆمەتی بازارگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە دار دراونو ١١٩ کەسیشیان بەهۆی تاوانی کوشتن سزای مردنیان بەسەردا جێبەجێ کراوە و ١٧٦ کەسیش هۆکاری لەسێدارەدانەکەیان ڕانەگەیەندراوە.

لەساڵی ٢٠١٣ دا سێ گیراوی سیاسیی کوردیش بە ناوەکانی حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور، ڕەزا ئیسماعیلیو شێرکۆ مەعارفی بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانەکانی ورمێ، سەڵماس و سەقز لەسێدارە دراون.

شایانی باسە کە ئێران دوای چین لە پلەی دووەمی ئەو وڵاتانەدا جێی گرتوە کە زۆرترین ئێعدامیان تێدا جێبەجێ دەکرێو سەبارەت بەوەش بە بەردەوامی لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە.


٤



سانترالیزمی پایتەخت، سانترالیزمی سیاسی

٥



هەڵوەستەیەک لەسەر « مافەکانی شارۆمەندیی بە هەموو لێکەوتەکانییەوە»

٨



تێڕوانینێک لە مەنشوور مافی شاروەندی «روحانی»

٩




سیاسەتی «نوێ»ی کۆنەخوازان!

٩



مندالانی شیناوێ و شینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان


وەرگیراو لە ماڵپەڕی فارسیی «روزآنلاین» (مانا نیستانی)

## بەڕێوەچوونی شەوە ئاهەنگێک بەبۆنەی سەری ساڵی زایینی بۆ کوردانی نیشتەجێ لە ئۆستفۆلدی نۆروێژ

کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کلتوری کوردی بە ئامادە بوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی ناوچەی ئۆستفۆڵدی وڵاتی نۆروێژ، شەوئاهەنگێکی بەڕێوە برد.

لەو شەوئاهەنگەدا کە بە پەیامێکی کورتی کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە ناوچەی ئۆستفۆڵد دەستی پێ کرد، بەشداربووان بە جێژنو شادیو خۆشی بەرەوپیلی ساڵی نوێی زایینی چوون.

کومیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەڵێ مەبەست لە پێکهێنانی ئەو شەوئاهەنگە بە هاوکاریی کۆمەڵەی کولتووری لە ناوچەی ئۆستفۆلد، پاراستنی شوناسو داب و نەریتی کوردی بە بەردەوامیو بە بیانووی جۆراوجۆر بووە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە دەرەوەی وڵات

### فینلاند



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨-١٢-٢٠١٣ کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان بە هاوکاری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ولاتی فینلاند، ڕێورەسمێکی بە شکۆی بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە برد. ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد کە پولێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی و لاوانی سەربە بنەماڵەکانی ئەندامانی حیزب پێشکەشیان کرد. دوای ڕاگرتنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان، مۆمی ٢٦ی سەرماوەز لەلایەن بەشدارانی ڕێورەسمەکە هەلکرا. پاشان پەیامی هاوبەشی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان لەلایەن سەید خدر میر سەیدییەوە پێشکەش کرا. بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەش کردنی شێعرێکی شورشگێری بوو کە شاعێری بەتوانا مامۆستا نزار خوێندییەوە. برگەی دوهەمی بەرنامەکە بۆ کاری هونەری پولێک لە لاوانی هونەرمەند تەرخان کرابوو کە دەنگی دەف و تارو زەرب وێڕای پێشکەش کردنی چەند بەرهەمێکی هونەری زیاتر ڕێورەسمەکەی ڕازندبووەوە. لەو بەشە دا هەریەکە لە هونەرمەندان فەرهاد ئالانی، بەهاورێەتی لاوانی بەتوانا دیار میر سەیدی و پێشەوا میر سەیدی و هێمن زاد ئەحمەد بە پێشکەش کردنی چەند بەرهەمیکی گۆرانی توانیان چێژێکی زیاتر بە جێژنی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ببەخشن. هەر لەو بەشەدا کیژی دەنگ خۆشی کورد ئەوین ئەلیاسی بە پێشکەش کردنی دوو گۆرانی بە زمانی ئینگلیزی توانی سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆی رابکێشێ. دوا برگەی ڕێورەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ شایی و هەڵپەرکێ و خۆشی و کە تێیدا بەشدارانی جێژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان وێرای کیژان و لاوانی تازە پێگەیشتوی کورد تا درەنگانێکی شەو کۆری شایی و هەڵپەرکێیان گەرم کردبوو. شایانی باسە کە لەم ڕێورەسمەدا بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەی ئەندامانی حیزبی بە دروستکردنی خواردەمەنی جۆراوجۆر، خوانێکی ڕازاوەیان بۆ هەموو بەشدارانی ڕێورەسمەکە دابین کردبوو.

### دانمارک

**لە وڵاتی دانمارکو بە بەشداریی کوردەکان، ٢٦ ی سەرماوەز کرا بە جێژنو یادی هەڵکردنی ئالای کوردستانو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەرز ڕاگیرا.**

ڕۆژی شەممە ٢١ی دسامبری ٢٠١٣ی زایینی بەرانبەر بە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، بە بۆنەی ٢٦ی سەماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئالای و پیشمەرگەی کوردستان و هەروەها شەوی یەلدا ساڵرۆژیی لە دایکبوونی دوکتور عەبدوولڕەحمان قاسملوو ڕێوڕەسمێکی پڕ شکۆ بەبەشداریی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو کوردانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیبو خولەکێک بێدەنگی بو ڕێزگرتن لە خەبات و گیانبازیو روحی بەرزی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی ناوچەی شیلەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن خالید ڕەواندووست بەرپرسی ئەو کومیتەیە خوێندرایەوە.



لەو پەیامەدا ئاورێک لە مێژووی دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە و هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان درابوویەوەو پیرۆزبایی شەوی یەلداو لە دایک بوونی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو و ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە لە بەشداران و پێشمەرگەکانی حیزب و گەل کرا.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا تیشک خرابووە سەر ئالوگورەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ وخەباتی کوردەکان لە چوارپارچەی کوردستان، بەروونی باس لە هەلومەرجی ئاستەمی ناوچەکە و کاروکردەوە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی ئێران و زیندان و ئەشکەنجە وئێعدامی بە کۆمەڵی لاوان وپەرەپێدانی برسیەتی وهەژاری وبێکاری خەڵک کرابوو.



لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا پەیامی کومیتەی دانمارکی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات کوردستان لە لایەن سنوور محەممەدزادە، ئەندامی بەڕێوبەری کومیتەی ژنانەوە خوێندرایەوە.

پاشان پارچە شێعرێک لە ژێرناوی « بو پێشمەرگە » لەلایەن بەکرە مارەغانی، خوێندنەوەی وتارێک لەلایەن ناسر پیرانی لە بابەت پێشمەرگە و ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزو برگە هونەرییەکانی ڕێورەسمەکە چەند بەشێکی دیکەی ئەو جێژنەیان پێک دەهێنا.

### نۆرویژ

**بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی وڵاتی نۆروێژ، ڕێز لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستان گیرا.**

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢١ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی، بەرامبەربە ٣٠ی بەفرانباری هەتاوی، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستانو شەوی یەڵدا، ڕۆژی لە دایک بوونی دوکتور قاسملوی نەمرە، ڕێورەسمێکی ڕێز لێنان لەم ڕۆژە پیرۆزە لە مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حدک لە وڵاتی نۆرویژ بەرێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێ کردو پاشان بۆ ڕێزگرتن لە خەباتو گیانبازیی شەهیدانی کوردو کوردستان چەند ساتێک بێدەنگیی ڕاگەیەندراو ٢٦ مۆم بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە داگیرسێندرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕیورەسمەدا پەیامی کۆمیسۆنی سیاسی، نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لەلایەن خوسرەو قادری، ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی نۆروێژ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکەشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کراو پەیامی پیرۆزبایی هاوبەشی یەکیەتیی ژنان، لاونی دێموکراتو کۆمەڵەی کولتوری کوردی لەلایەن هێژا رۆستەمی، بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ پێشکەش کرا.

لە برگە هونەرییەکانی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا چەند پەخشانو دەقی ئەدەبیی بەسۆز خوێندرانەوەو کۆڕەکە بە شاییو هەڵپەرکێی بەشداران درێژەی پێ درا.

---

دریژەی:

## لە پەراوێزی گەلاڵەی پێشنیاریی حدک بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

ئایا ڕای حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم دەقە کۆپیکراو و سەرلەنوێ تایپکراوەدا وەبەرچاو گیراوە؟ ئەگەر وەبەرچاو گیراوە، بفەرموون کەی؟ و لە کوێ؟ و لەکام دانیشتن دا؟ ئەگەر وەبەرچاو نەگیراوە، (بە پێی ئیستیدلالی خۆتان)چۆن چاوەڕوانن ببێتە مەبنای دانیشتن و وتووێژی دوو لایەن؟

١- حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەیتوانیو دەتوانێ گەلاڵەی خۆی بخاتە سەرنج و قەزاوەتی ڕای گشتیو بە تایبەتی تیکۆشەرانو ئەندامانو لایەنگرانی حدکا. بەڵام پێی وابوو، دەبێ چاوەڕوان بمێنێتەوە تا دەفتەری سیاسیی حدکا، ڕێبەریو تەنانەت کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبەکەیان لە نیوەرۆکی گەلاڵەکە ئاگادار بکەنەوەو رای ئەوانیش وەربگرن. بەڵام ئەوەندەی دەبینینو دەبیسین، ناوەرۆکی گەلاڵەکە بە ئەمانەتدارییەوە باسی لێنەکراوە. جەوهەری گەلاڵەی پێشنیاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەڵێ هەر دوو لای دیموکرات، پێویستە بە هاوبەشیو بەیەکەوە، حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو بنیات بنینەوە، و ئەو میکانیزمانەش کە بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە پێشنیاری کردوون، لە خزمەت دروستکردنەوەی حیزبی دیموکراتێکی یەکگرتوو دان کە هەموو تیکۆشەران و ئەندامانی دیموکرات بە حیزبی خۆیانی بزانن.


بەم پێیە ئەو قسەیە ڕاست نییە کە گەلالەکە داوای بە ڕەسمیناسینی دوو حیزبی دیموکراتی کردبێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە مێژە ئەم فازەی تێپەڕاندوەو لە لایەن خەڵکو هێزە سیاسییەکانەوە، بە ڕەسمی ناسراوە. جگە لەمەش، بە ڕەسمی ناسین، مەوزووعی ئەو کاتەیە کە دوو حیزبی دیموکرات هەبن. ئامانجی گەلاڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتەو کاتێک ئامانج یەکگرتنەوە بێ، بەرەسمی ناسین یا ترس لە بەرەسمی ناسینی دوو دیموکرات، هەر مەوزووعیەتی نییە.

٢- ئیددیعا دەکرێ کە بە ناوگەلاڵەکەی دەفتەری سیاسیی حدکا، لە خزمەت یەکڕیزیو یەکبوونەوە دایەو ڕێ لەئینشیعابو دابڕان دەگرێ! وەک دەڵێن «کجا شاهد مثل قا×ی!؟» ئەوە نییە بە بوونی هەر ئەم ڕێککەوتننامەیەی کە ساڵی ١٣٧٥بوو بە بناغەی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات، جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات دابڕانو لەتبوونی بە خۆیەوە دیت؟ ئەم ڕێککەوتننامەیە کە ئێستا کراوەتەوە بە «گەلاڵە«ی دەفتەری سیاسیی حدکا بۆ دانوستان، چۆن چۆنییە کە پێشتر نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە دابرانو لەتبوون، بەلام ئێستا دوای تێپەڕینی نزیکەی ٢٠ ساڵو ئەو هەمووە ئالوگۆڕەی لە هەموو بوارێکدا پێک هاتوە، دەتوانێ؟ بە تایبەتی کە هەموو هێزو لایەنو کەسێکی شارەزا دەزانێ نە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیستا، «ڕیبەرایەتیی شۆڕشگێر»ی ئەو کاتە و، نە «حدکا»ی ئیستا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ئەو کات!

٣- یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، بەڵێ ویستێکی پیرۆزی خەلکی کوردستانە. بۆیەش ئەوەندە بە لای خەڵکەوە پیرۆزو گرنگە، چونکە ڕۆڵی دەبێت لە بووژانەوەی جێگە و پێگەی مێژوویی و شیاوی حیزبی دیموکراتو، هەستانەوەو بەرەوژوورچوونی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان‌دا. ئەم ویستە پیرۆزو گرنگە، بەڵام بە گیانێکی بەرپرسانە، بە ئیرادەیەکی بە هێزو بە عەقڵییەتێکی دیموکراتیک، دەتوانێ بگاتە ئاکام. ڕێککەوتننامەی ١٣٧٥ نەیتوانیوەو هەر ڕێککەوتننامەیەکیش لە داهاتوودا، ناتوانێ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان دەستەبەر بکا مادام ئیرادەیەکی بالادەست بۆ قۆرغکردنی حیزبو دابەشینی حیزب بە دوو لایەنی پلە یەکو پلە دوو، خۆییو نامۆ، و هتد هەبێ. جەوهەری گەلاڵەی پێشنیاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، کە دراوە بە دەفتەری سیاسیی حدکا، دەیەوێ حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو لە سەر ئەساسی بنبڕکردنی ئەم نەخۆشییەو، وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی حیزبایەتیو هاوخەباتی لە سەردەمی نوێدا، بنیات بنرێتەوە.

هەر کام لە دوو لایەنی دیموکرات، ئەگەر خوازیاری یەکگرتنەوەیەکی راستەقینەو پایەدار بن، دەبێ مل بۆ یەکتر قبووڵکردنو داننان بە بوونی یەک چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ بدەن. ئاشکرایە یەکگرتنەوەیەک کە بناغەکەی لە سەر ئەساسی ئینکارو قبووڵنەکردن دابمەزرێ، داهاتووەکەشی هەر لە سەر ئەم دیوارە خوارو خێچە دەڕوا و دەڕمێ. دەفتەری سیاسیی حدکا چەند ساڵە لە پێناوی سەلماندنی ئەو بۆچوونە کە یەک حیزبی دیموکرات هەیە و ئەویش ئەوانن، بە هەموو توانای خۆی کاری بۆ لە پەراوێز خستنو سڕینەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد، بەلام واقیعی بۆ نەگۆڕا و فایدەی نەبوو. ئیستا ئەگەر بە راستی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتو حیزبی دیموکراتێکی یەکگرتوویان دەوێ، با بۆ جارێکیش ئەسلی قبووڵی یەکترو یەکسانیو مافی وەک یەک بۆ هەموو تێکۆشەرانو ئەندامانی دیموکرات لە حیزبیکی واحیدیان دا بوێ. ئەمە ئەو شتەیە کە گەلاڵەی پێشنیاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکانی لەسەر دامەزراوە.

# کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی بەڕابردووی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر



**پێشمەرگەیەکی زەحمەتکێشو بەڕابردووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەهۆی نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.**

دوانیوەڕۆی چوارشەممە، ١١ی بەفرانبار کاک محەممەد سوڵتانی، ناسراو بە حەمە گازۆڵی، پێشمەرگەی زەحمەتکێشو بەڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی لە شاری هەولێر دڵە پڕ لە ئاواتو ئەوینەکەی لە لێدان کەوتو ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد.

کاک محەممەد ساڵی ١٣١٧ ی هەتاوی لە گوندی سەیداوای جەمیانی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووەو لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوییەوە هاتۆتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتەوەو لە شەری نەغەدە بریندار بووە.

کاکە محەممەد یەکێک لەو پێشمەرگە تێکۆشەرو ماندوو نەناسانە بوو کە لە ماوەی دەیان ساڵ شۆڕشی ئاشکرای حیزبەکەمان‌دا زۆر چالاکانە قۆڵی خزمەت بە گەلو وڵاتەکەی هەڵماڵی و بەو پەڕی دڵفراوانی و بێ هیچ چاوەڕوانییەک لە بەشی خەدەماتی حیزبو نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ و دواتریش لە ئۆرگانە جیاوازەکانی حیزب دا ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد.

کاکە حەمە مرۆڤێکی ساکار، قسە خۆش، ڕۆحسووکو لێو بەبزە و پێکەنین بوو کە ساڵی ڕابردووش کوڕیکی بە ناوی شوانە بە ڕووداوی هاتۆچۆ گیانی لە دەست داو مەرگی لە ناکاوی ئەو جگەرگۆشەی خەمێکی قورسی خستە سەرشانی خۆی و بنەماڵەکەی.

هەر بەبۆنەی کۆچی محەممەد سوڵتانی ناسراو بە «گازۆڵی» ڕێوڕەسمێک‌دا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتو بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو، یادو بیرەوەریی ناوبراو بەرز ڕاگیرا.

لە ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی کاک محەممەد گازۆڵی‌دا کە لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٤ ی بەفرانبار لە قەڵای دێموکڕات بەڕێوە چوو، کاک برایم چوکەڵی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبو جێگری کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزب بە کورتی لە سەر ژیانو خەباتی کاک محەممەد گازۆڵی دوا.

کاک برایم لە قسەکانی‌دا بە ئاماژە بە ٣٤ ساڵ خەباتو پێشمەرگایەتیی کاک محەممەد تیشکی خستە سەر ئەوەی کە خوالێخۆشبوو لە هەموو ماوەی پێشمەرگایەتیی خۆی‌دا نەسرەوتووانەو ماندوونەناسانە ئەرکە پێسپێردراوەکانی ڕادەپەڕاند.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک حەسەن عەبدووڵلاهی، کادری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب لەلایەن بنەماڵەی خواڵیخۆشبوو کاک محەممەدەوە سپاسی هاوخەمیو هاوسۆزیی بەشدارانی پرسەکەی کرد.

کوردستان
ژماره: ٦٢٢
١٥ی بەفرانباری ١٣٩٢
٥ی ژانویەی ٢٠١٤

لە خوێنەرانەوە

سەرنج بدەن!

« کوردستان» لەمەودوا هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## خەڵک هەر دەڵێی نەخۆشیی رووحییان گرتوە



لە بارەی ئابوورییەوە خەڵک زۆر لە فشار دانو هەر لەو کاتەدا چاوەڕوانییەکی زۆریان لە دەوڵەتی رووحانی هەیەو هەر دەڵێن وەزع باشتر دەبێت. لە کاتی یارانەدان بەردەرگای بانکەکان دەڵێی خێراتە، ئەوەندە خەڵکی لێ رادەوەستێ.

لە باری سیاسییەوە خەڵکی ئێمە بوونەتە چەند بەش کە بەشێک کوردایەتی خۆیان لەبیر ناچێتەوەو بەشێک دەبنە ئەو کەسانەی وەک شتێک هاوبیرنو لەگەڵ رێفورمخوازەکانی نێو ئێرانو ئەو کاتەش کە قسە دەکەن دەڵێن ئێمە ئێرانین. دوایە قەومی کوردینو دەبێ شانازی بە ئێرانی بوونی خۆمانەوە بکەین کە بەداخەوە کەمیش نین ئەوانە.

بەشێکیش بەداخەوە کەسانێکی بێ هۆویەتنو تەنیا بە کچو کوڕەوە وەدوای رابواردن دەکەون. لە باری کۆمەڵایەتییەوە زۆر لە خەڵک هەر دەڵێی نەخۆشی روحییان گرتوەو هەر زوو تێکەڵی دەکەنو عەسەبی دەبن.

تیپێک هەن سەیرو سەمەرە، لیباسی وا دەبینی کە خەڵک لەبەری دەکەن کە هەر باسی ناکرێ، لە نێو تیپێکدا خەیانەت کردنی ژنو مێرد بە یەکتر بووە بە شتێکی ئاسایی!

لە کولدا خەڵکێکی زۆر بوونە ماشێنی پووڵ پەیداکردنو کەمتر ئاگایان لە بنەماڵەکانیانە.

بەڵام بە تەواوی ئەوانەشەوە کەمیش نین ئەو کەسانەی کە ئێستا دەزانن کوردنو سەرەڕای تەواوی ئەو کەمو کوڕییانەی ناو کۆمەڵگە ئێستاش خەریکن خەڵکی روون دەکەنەوە.

**کاردۆ موکریانی _ مەهاباد**

## دەستبەسەرداگرتنی زەوی خەڵک بەناوی دروووست کردنی کارخانەی قەند لە قزڵقۆپی

لە بابەت ئەو ٣٠ هێکتار زەوییەی لە دەشتی شارویران لە نێوان کۆسەکەرێز و قزڵقۆپی بۆ دروووست کردنی کارخانەی قەند بەخشراوە بە برادەرانی بنەماڵەی قۆڕەیشیو مەڕاسمی تایبەتیان دوو ساڵ بەر لە ئێستا بۆ گرتن کە بەهاری ساڵی ١٣٩٣ دەست بە کارەکانی دەکەن و دواتر کە خەڵک لە ڕێگای جۆراوجۆر بە دوای مەسەلەکەدا چوون بۆیان دەرکەوتووە کە تەنیا بنەماڵەی قورەیشی فێڵیان لە ئەو خەڵکە زەحمەتکێشە کردوە ٣٠ هێکتار زەویی خەڵکیان بە ناوی دروست کردنی کارخانەی قەندی لەو زەوییانە بە ناوی خۆیان کردوە و بۆیە ئەو خەڵکە هاواریان لێهەستاوە و دەبێ لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە لێیان لە قاو بدرێن تا ئەوەی کە وەخۆبێنەوە و ئەگەر بێت بە پێی قەراری پێشوو ئەو کارخانەیە دروست نەکرێن ئەو بنەماڵەیەی قۆڕەیشی زەوییەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە و هەر ئەوەیکە ئەو خەڵکە ڕازی بوونە و مڵکی خۆیان بە خۆڕایی داوە بە ناوبراوان بۆئەوەیکە لە ناوچەکە سەرمایەیەکی گشتی لە ناوچەکە دروست بکرێت. ئێستا ئەو خەڵکە تەڵەب دەکات کە ئەگەر ڕێگا قورەیشییەکان پێ دراو نەبوونە لە لایەن دەسەڵاتەوە، با مڵکەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

هاوژین– مەهاباد

## ئیتلاعات لە سەردەشتو رەبەت لە ئێستاوە بەربەست بۆ رێوڕەسمی نەورۆزی دروست دەکەن

هێزەکانی ئیتلاعاتو ئەماکن سەربە نیرووی ئینتزامیی رێژیم لە ئێستاوە خۆ ئامادە دەکەن بۆ رێگرتن لە بەڕێوەچوونی نەورۆزی کوردی لە سەردەشتو رەبەتو دەوروبەر. لە یەکێک لە هەوڵەکانیاندا تەواوی ساحێب تاکسییە تەلەیفوونییەکانو نوێنەری تاکسیە نارنجییەکانیان بۆ کۆبوونەوەیەک لە ئەماکن بانگ کردوونو پێیان راگەیاندوون کە دەبێ بە تەواوی شۆفیری تاکسییەکان رابگەیەنن کە بە هیچ شێوەیەک نابێ لەو مەراسیمەدا بەشدار بنو نابێ تەنانەت ئەو کەسانەی دەستییان لە پێکهێنانی ئەو مەراسمانە دایە، رایانگوازنو سواریان بکەن. ئەگەر ئەو کارە بکەن لەلایەن ئەوانەوە بانگ دەکرێنو بەرچەسپی سیاسییان لێدەدەنو بە توندی بەرخوردیان لەگەڵ دەکەن. هەروەها دەبێ تەواوی شۆفیرەکان تەعەهود بدەنو واژۆی بکەن کە ئەم کارە ناکەن.

**هەردیی رێبوار لە سەردەشتەوە**

## بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە نێو خوێندکاراندا لە بۆکان



لە چەند کەسێکم راستەوخۆ بیستووە کە ماوەیەکە داموو دەزگای ئیتلاعات کە جەماعەتێکی تورکیان راسپاردوە کە لە نێو شاری بۆکان بەتایبەت تریاکو ماددە هۆشبەرەکان بڵاو بکەنەوە، ئەوان ماددە هۆشبەرەکان لە نێو نانو شتی خواردن دەخەنو دەیدەن بە دەوروبەریان، دوای ئەوەش ساندویچ فرۆشێک بە نهێنی مەواد دەخاتە بابۆڵەکانو بە خەڵکی دەفرۆشن. شۆفیرێکی تاکسی زۆری تکا کرد لە دەرەوە نان نەخۆین بۆ خۆی چەند بابۆڵەیەکی لە ماڵێوە هێنابوو. دەیگوت بۆوەی ئەگەر برسیم بوو نەچم بکرم گوتی ناوەکەیشتان بۆیە پێنالێم چونکە ئەگەر بزانن دەرجا من دەگرنو دەمکوژن.

**ئەیوب _ بۆکان**

## مەوادفرۆش ژیانیان لێ تاڵ کردووین

بە گشتی وەزعی شار بە هۆی ئەم مەوادفرۆشانە خراپە. رۆژ نیە ئەو خەڵکانە نەگرن کە خەریکی کاری بەرهەمهێنانی شیشەو...هتدن. بەڵام بە پارە زۆر زوو ئازادیان دەکەن. رۆژ نیە هەواڵی تەقینەوەی ئاشپەزخانە لە ناو شار بە گوێی خەڵک نەگات، رۆژی چوارشەممە ١٣/ ١٣٩٢/٩ کە گەڕەگی گردەسوور ئاشپەزخانەیەک لە نزیک قەرارگەی «سیدالشهدا» لە ماڵی ا.ش.پ ناسراو بە ا.ق تەقینەوە کە گۆیا کوڕەکانی گیراون بەڵام هێندەی پێناچێت ئازاد دەکرێن. ئێعدامیش هەر بۆ کەسی سیاسییە.

**دیلان _ سەردەشت**

دوو هەواڵ لە مەهابادەوە

## بەفرو سەرما لە مەهاباد تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە



١_ بۆ ئاگاداریتان بەفرو سەهۆڵبەندانێکی زۆر، نزیکەی دوو حەوتوویە کە مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری داگرتوە. شەوانە هەواکەی ئەوەندە ساردە کە ئەگەر قامکت تەڕ کەی دوای یەک دەقیقە دەیبەستێ. ئەم سەرمایە گرفتی زۆری بۆ کارو کاسپی خەڵکی ناوچەکە پێک هێناوە. دوو حەوتوو لەمەوبەر کە بەفرێکی قورس باری، هێشتا هیچی لێ نەتواوەتەوە، چونکە هەواکەی زۆر ساردە.

٢_ لە ئاوایی کەرێزەی شێخان لە کاتێکدا بە هۆی ئەربەعین، قوتابخانە تەعتیل بوو، کوورەی نەوتیی قوتابخانەکە ئاگری گرتو ژوورەکە بە تەواوی سووتا. هەتا ئێستاش کوورەی نەوتیی زۆرلە قوتابخانەکان نەوتینو ستانداردن، بەڵام لە هێندێک قوتابخانەی دیکەش لە کوورەی نەوتیی غەیرە ستاندارد کەڵک وەردەگرن کە نەوتەکەیان دڵۆپ دڵۆپ دەرژێتە نێو ئاگردانەکەی.

**مام نەجات لە مەهابادەوە**

**سەقز**

## ئیتلاعاتی رێژیم «مەیدانی هەڵۆ» چۆن کۆنترۆڵ دەکا



لە شاری سەقز حکوومەت بۆ ئەوەی «مەیدانی هەڵۆ» (ئەو شوێنەی کە کۆبوونەوەی نارەزایەتی بە دژی حکوومەتی لێدەگیرێ) کۆنترۆڵ بکا، کەسانێکی بەکرێگیراوی لەو شوێنە جێگیر کردووە کە دووکانیان هەیە بۆ ئەوەی چاوەدێری ئەو شوێنە بکەن و ئەو کەسانەی کە نارەزایەتی دەردەبڕن شناسابیان بکەن و بەرگرتنیان بدەن و نارەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکەن. لە مەیدانی هەڵۆ کەسێک بەناوی «ئە» دووکانی کەلوپەلی منداڵانی هەیە، دوو کوڕو کچێکی هەیە کچەکەی داوە بە پاسدارێک و ئەو کەسە هەموو بنەماڵەکەی (کچ، کور و هاوسەر) هەموویان کاری جاسووسی دەکەن. ئەو کەسە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە «جاش»ە تەنانەت برای خۆشی کە کاری سیاسی دەکرد بەگرتن داوە. چەند ساڵێک لە ترسی پێشمەرگە رای کردبوو و لە تاران دەژیا. ئێستا بە تەواوی خەڵک لە ژێر چاوەدێری دەگرێ و هەرچی روو بدا هەواڵەکەی دەداتەوە بە ئیتلاعات. کەسێکی دیکەش بە ناوی «ب» لە مەیدانی هەڵۆ لە کاتی خۆپیشاندان و نارەزایەتی‌یەکان لەو مەیدانە خەریکی فیلمبەرداری دەبێ و دواتر فیلمەکەی دەداتەوە بە ئیتلاعات، ئەو دوو کەسەو چەند کەسێکی دیکە هاوکاریان بەردەوام ئەو مەیدانەیان کۆنترۆڵ کردوە و خەڵکیان لە ژێر چاوەدێری گرتوە.

**عەلی . م لە سەقزەوە**

## گۆشەیەک لە کێشەکانی ژیانی

## خەڵک لە ئاوێنەی ژیانی خەڵکی شاری سنە



ئەمرۆ شاری سنە کە دوای کرماشان گەورەترین شاری رۆژهەڵاتی کوردستانە شەڕو کێشە، ماددە هۆشبەرەکانو بێکاری لە گرفتە بنەڕەتییەکانی خەڵکن. قەمە وەشاندن لە نێو لاوەکاندا، باجئەستاندن لە خەڵک بووە بە شتێکی ئاسایی. مەواد بە ئازادییەکی تەواوە لە نێو خەڵکدا بە تایبەتی لە نێو لاوەکاندا ئەم دەستو ئەو دەستی پێدەکرێ. لەم نێوەدا کێشانی ماددەی هۆشبەری «شیشە« وەپێش ماددەکانی دیکە کەوتۆتەوە، خۆکوشتن لە نێو لاوەکاندا بە تایبەتی لە نێو کچاندا هەتا دێ پتر پەرە دەستێنێ.

تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بەرەو ژوور چووەو خەڵک بە هۆی گرفتەکانی خۆیان ناتوانن ژیانی هاوبەشی پێکەوە بنێن، ئاماری تەڵاق رۆژ لە گەڵ رۆژ بەرەو ژوور دەچێ. فەحشا (لەشفرۆشی) لە پەرە گرتن دایە.

بارودۆخی بەندیخانەکان زۆر دڵتەزێنە، دەستدرێژی جنسیو بەکارهێنای ماددە هۆشبەرەکان لە نێو بەندیخانەکاندا بووە بە شتێکی ئاسایی. بەندییە سیاسییەکان لە لایەن موعتادەکانو کەسانی شەڕفرۆش بە پشتیوانی بەڕێوەبەرانی بەندیخانەکان، بێ ڕێزیان پێدەکرێ.

بە کورتی گرفتەکان یەکجار زۆرن، ئەمانە بەشێکی زۆر کەم لە گرفتەکانی خەڵکن کە لە شارەکانی کوردستان بە تایبەتی لە سنەو کرماشان بەرچاو دەکەوێ.

خەڵکێکی دیکە کە جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەم سووتاندنی چیای ئاویەری سنەیە کە هی ماوەیەک لەمەوبەرە. بەگوێرەی زانیارییەکانی منو دۆستانمو ئەو دەنگۆیانەی لە نێو سنەدا بڵاوبوونەتەوە، ئاگر تێبەردانی چیای ئاویەر، کاری گروپە سەلەفییەکانو ئیسلامییە توندڕەوەکان بووە.

فکری ڕاگواستنی پایتەخت بۆیە هاتۆتە گۆڕێ چونکە گیروگرفت هەیەو تاران مەترسیدارە کە هەروا وەک پایتەخت بمێنێتەوە. هۆیەکانی ڕاگواستنیشی دەبەنەوە سەر مەترسیی بوومەلەرزە، پیسبوونی هەوا، حەشیمەتی زۆر. ڕاستە تاران لەسەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵکەوتوە، بەڵام ئێران وڵاتێکە کە بە گشتی لەسەر هێڵی بوومەلەزەیەو لە مێژوودا بوومەلەزەی زۆر بەهێزو ڕووخێنەر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران تۆمار کراون. ڕوون نیە کە پایتەختی نوێ ئەو مەترسییەی لەسەر نەبێ.

# سانترالیزمی پایتەخت، سانترالیزمی سیاسی

## (سەرنجێک لە سەر ڕاگواستنی پایتەخت)



مستەفا مەعرووفی

لە مێژە دەنگوباسی ڕاگواستنی پایتەخت لە ئێران لە گۆڕێ دایە، تاکوو ڕۆژی ٣ی بەفرانبار مەجلیسی شوورای ئیسلامی گەڵاڵەی گشتیی ڕاگواستنی پایتەختی پەسند کردو فەرمانی بە دەوڵەت دا کە ئەنجومەنێک بۆ دانانی پلانو بەرنامەی ڕاگواستنی پایتەخت دا بنێ کە لە ماوەی ٢ ساڵدا وردەکارییەکانی ڕاگواستنی پایتەخت گەڵاڵە بکەن. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە کە پێناسەیەک لە پایتەخت بکرێ، پایتەختی وڵاتانی دیکەو ئێران چۆنە، هۆیەکانی سانترالیزەبوون (ناوەندێتی)ی تاران کامانەن. ئایا بە ڕاگواستنی پایتەخت گیروگرفتەکانی پایتەخت لە ئێران‌دا چارەسەر دەبن؟ ئایا پیسبوونی هەوای تاران، هەڵکەوتنی لەسەر هێڵی بوومەلەرزە و حەشیمەتی زۆرکە وەک هۆی ڕاگواستنی پایتەخت ناو براون، هۆی بنەڕەتی‌و سەرەکین؟ لەم وتارەدا هەوڵ دراوە تا ئەو جێگایەی دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

### پایتەخت کوێیە؟

پایتەخت یان ناوەندی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا زۆر جار گەورەترین شاری وڵات یان پڕحەشیمەت ترین شارە کە ئۆرگان‌و ناوەندە سەرەکییەکانی دەوڵەتی‌و ئیداریی لێیە. هێندێک جار وشەی پایتەخت هەر تەنیا بۆ ناوەندی سیاسیی وڵاتان بەکار نایە، بەڵکوو زۆر شار لە جیهان‌دا هەن کە لە بواری جۆراوجۆردا ناسناوی پایتەختیان پێ دەدرێ، وەک پایتەختی فەرهەنگی یان پایتەختی تووریستی یان بازرگانی‌و...هتد. کەوابوو پایتەخت لە یەکێک لە بوارەکان یان چەند بواردا دەبێتە ناوەندو چالاکییە سیاسی‌و ئیدارییەکان، فەرهەنگی، ئابووری‌و چالاکییە کۆمەڵایەتی‌و مەدەنییەکانی وڵاتێک لەو ناوەندەوە هەڵدەسوڕێن. لە هێندێک بواری وەک دیپلۆماسی، زانستی، ئابووری‌و ئایینییەوە پایتەخت تەنانەت لایەنی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەگرێ‌و هێندێک شار دەبنە ناوەند لە یەکێک لەو بوارانەدا بۆ سەرانسەری جیهان، وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک‌و لقەکانی لە شارەکانی دیکە بە تایبەتی لە ئورووپا، واتیکان وەک ناوەندی دنیای مەسیحییەت، ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە نیۆیۆرک‌و...هتد.

### سیستمی سیاسی‌و ڕادەی سانترالیزمی پایتەخت

ئەزموونی پایتەختی وڵاتان دەری دەخا کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆو ئاشکرا لە نێوان ڕادەی دیموکراسی‌و پێشکەوتن لەگەڵ دیسانترالیزم (خۆپاراستن لە ناوەندێتی) لە لایەکو ڕادەی دیکتاتۆری‌و دواکەوتووی لەگەڵ سانترالیزم (ناوەندێتی)دا هەیە. بەو واتایە کە لە وڵاتانی دیموکرات‌و پێشکەوتوودا پایتەخت لەچاو وڵاتانی دواکەوتوو بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە سانترالیزە نیە. بەو ڕادەیەی سیستمی سیاسیی وڵات فرەچەشنەو پێکهاتەی نەتەوەیی، سیاسی‌و جوغرافیایی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ، بەو ڕادەیەش لە سانترالیزمی پایتەخت کەم دەبێتەوەو ئەو سانترالیزمە دابەش دەبێ. بەو ڕادەیەش سیستمی سیاسیی وڵات یەکدەستەو دەسەڵاتی سیاسی ئەودەستاودەست نابێ‌و دەسەڵات لەبەر دەستی حیزبێک یان نەتەوەیەک یان کەسانێکی دیاردا کۆ بۆتەوە، بەو ڕادەیەش پایتەخت دەبێتە سەرەکی‌ترین ناوەندی کاروبارە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکان. تاران نموونەی شارێکی سانترالیزەیە کە لە هەموو بارێکەوە مۆرکی ناوەندێتیی پێوەدیارە.

تاران لە کۆنەوە نموونەی پایتەختێکی سانترالیزە

لە ساڵی ١٣٥٨دا ئایەتوڵڵا خومەینی کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەسەڵاتی بێ‌ئەملاو ئەولای سیاسیی خۆی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێ، شاری قومی بەجێ هێشتو هەستا چووە تاران، چونکە تاران وەک ئێستا سەرە هەودای هەموو کاروبارەکانی وڵات بوو. بۆ کەسێک کە دەیەویست دەست بەسەر تەواوی کاروبارەکانی وڵاتدا بگرێ، دەست بەسەرداگرتنی تاران بە مانای دەستبەسەرداگرتنی هەموو وڵات بوو. لە ساڵی ١١٧٠ی هەتاوی‌دا ئاغا محەممەدخانی قاجار کە نموونەی دیکتاتۆرێکی بەدەسەڵاتو خوێڕێژ بوو تاجی پاشایەتیی لە تاران لەسەر ناو ئەم شارەی کردە پایتەخت، پایتەختێک کە جەمسەرو ناوەندی هەموو کاروبارەکانی وڵات بێ، پایتەختێک کە ڕەنگدانەوەی شێوەی بیرکردنەوەی پاوانخوازانەی شای سەرەڕۆ بێ.

ڕەزاشای پەهلەوی کە دیکتاتۆرییەکەی ناوبانگی ناوچەیی‌و جیهانیی هەبوو لە ساڵی ١٣٠٤دا هەر لەم شارە تاجی لەسەر نا. تاران کە لەو کاتەوە تا ئێستا نموونەی پایتەختێکی سانترالیستییە، بەردەوام خانەخوێی دیکتاتۆرە پاوانخوازو بەناوبانگەکانی ئێرانە.

### تاران ناوەندی سیاسی

ڕەخنە لە سەر ئەوە نیە کە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکوومەت (بەڕێوە بردن، یاسادانان‌و دادوەری) لە پایتەختن. ڕەخنە لەسەر ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتانە تەنیا لە پایتەختن‌و ناوچەکانی دیکەی ئێران مافو سەڵاحییەتی ئەو دەسەڵاتانەیان نیە. لە وڵاتانی دیموکراتیکدا بە تابەتی وڵاتانی فیدراڵ ئەم ناوەندگەرێتییە نیە. لەو وڵاتانەدا ئەو دەسەڵاتانە یان لەسەر بنەمای نەتەوە (وەک کانادا، بێلژیک. سوییس، دانمارک، تا ڕادەیەک عێراق‌و...) یان لەسەر بنەمای جوغرافیا (وەک، ئەمریکا، ئەڵمان...) دابەش کراون. هەر ناوچە یان هەرێمەی خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، پارلمان‌و دادوەریی خۆیەتی. هەموو ئەو سەڵاحییەتانە لە پایتەخت کۆ نەبوونەتەوە. تەنانەت لە سۆڤیەتی ستالینییش‌دا ١٥حکوومەتی کۆماری هەبوو لە زۆربەشیان‌دا نەتەوەکان خاوەنی مافی خۆدموختاری‌و ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بوون لە ناوچەی خۆیان‌دا. لە ئێران‌دا کۆبوونەوەی هەمووناوەندەکانی دەسەڵات ڕەنگدانەوەی ئیدئۆلۆژیی حاکمە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەکا. تەنانەت فەرماندار و بەرپرسە ئیدارییەکانیش دەبێ لە تارانەوە بڕاریان لەسەر بدرێ.

### تاران ناوەندی ئابووری

با لەوە گەڕێین کە لە ناوچەیەکی وەک کوردستان‌دا حکوومەت سنووری بۆ دەسمایەدانان‌و دامەزراندنی کارگەو کارخانە داناوە، ئەو ناوچانەش کە ئەو سیاسەتە فاشیستییەیان لە دژی بەڕێوە ناچێ لە چاو تاران زۆر لەپاشن. ڕێژەیەکی زۆر لە کارگەو کارخانەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە تاران‌و دەوروبەری تارانن. بڕبڕەی پشتی ئابووریی وڵات تارانە، بانکەکان، ناوەندە بازرگانییەکان یان لە تارانن یان لە تارانەوە ئیدارە دەکرێن.

لە وڵاتانی دیسانترالی‌دا هەر شارەی لە ڕووی ئابوورییەوە بە کارخانەیەکی گەورە، بە گەشەکردنی بازرگانی، بە ڕاکێشانی تووریزم‌و...هتد بە ناوبانگە. لە ئێران‌دا تاران لە هەموان‌دا هەر پلەی یەکەمە. کەسێک لە تارانەوە بەرەو کوردستان، سیستان‌و بەلووچستان یان خووزستان بچێ، دەبینێ بەرە بەرە لە قرەباڵغیی کارگەو کارخانەکان کەم دەبێتەوە، ڕێگاکان باریکتر و خراپتر دەبن، کە بەرەو سنوورەکان دەچێ تەنانەت جاری وایە ئاسەوارێک لە جادەی قیرەتاو نابینرێ، وا بزانە لە وڵاتێکەوە دەچێتە وڵاتێکی دیکە.

### تاران ناوەندی حەشیمەت

تاران نەک لە ئێران‌دا، بەڵکوو لە جیهان‌دا لە ڕیزی شارە پڕ لە حەشیمەتەکانە. بە ڕۆژ خۆ لە ١٢ میلیۆن کەس دەداو بە شەویش ١٠ میلیۆن.

٧/١ ٠ ی حەشیمەتی ئێران لە تاران دەژی. ڕاستە لە زۆربەی وڵاتان پایتەخت قەرەباڵغترین شاری وڵاتە، بەڵام لە کەمیان‌دا ڕێژەکە بەم جۆرەیە. لە زۆر وڵاتدا پایتەخت قەرەباڵغترین شاریش نیە، بۆ نموونە: تورکیە، ئەمریکا، ئارژانتین، ئوسترالیا، کاناداو...هتد. کۆبوونەوەی ئیمکانات‌و ئابووری‌و دەرفەتی کار وای کردوە کە خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەوە ڕوو بکەنە تاران. کۆبوونەوەی حەشیمەت لە تاران بەو ڕادە نائاسییەوە گەلێک مەترسیی گەورەی بە دواوەیە، پیسبوونی ژینگە بە تایبەتی هەوا، چوونەسەری ڕادەی تاوان‌و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان‌و...یان ئاکامی قەرەباڵغیی لەڕادە بەدەری تارانن یان مەترسین لە نێو قەرەباڵغیی تاران‌دا.

### تاران‌و دۆخی فەرهەنگی‌و دەروونی

سیمای وڵاتێکی دواکەوتوو، نائارامی‌و قەیرانی ئابووری بە گۆشەو کەلەبەرەکانی تارانەوە دیارە، بەو حاڵەش لە چاو شارەکانی دیکەی ئێران بە تایبەتی شارە سنوورییەکان جێگەو پێگەیەکی دیکەی هەیە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیسانترالیزەدا جیاوازیی پایتەخت لەگەڵ شارە دوورەدەستەکان جیاوازییەکی زۆر نیە. لە ڕووی ئیمکاناتی پەروەردەیی‌و لەشساغییەوە، لە ڕووی جیاوازیی گوند شارەوە مەودایەکان ئەوەندە نین. دابەشبوونی جوغرافیایی ئیمکاناتی ئابووری، ئیداری، فەرهەنگی، لەشساغی‌و پەروەردەیی بە شێوەیەکی بەربڵاو هەیە.

جیاوازیی نائاسایی‌و لەڕادەبەدەری تاران لەگەڵ شارەکانی دیکە وای کردوە ئەگەر تاران بە پلە یەک دابنێین شارەکانی دیکە بە تایبەتی شارە سنوورییەکان‌و لە نێو ئەوانیش‌دا شارە غەیرە فارسنشینەکان بە ئاسانی دەتوانیین بڵێین ١ بە ١٠یە، یان ١ بە ١٥بە. ئەوە کە جێگەی پایتەخت پلە یەک بێ سەیر نیە و لە زۆربەی وڵاتانیش هەر بەم جۆرەیە، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو و نادیموکراتیکدا نەبێ، لە کەم وڵاتی جیهان‌دا جیاوازییەکە ئەوەندە زەقو بەرچاوە.

ئەم جاوازییە زۆرە کاری کردۆتە سەر باری دەروونیی هاووڵاتانیش. لە ڕووی دەروونیەوە ئەو گومانە ناڕاستە دروست دەبێ کە پایتەختنشین لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەوە لە پلەیەکی هەورازتر دایەو خەڵکی ناوچەکانی دیکە لە پلەیەکی نزمتر دان، ئەوەی لە تارانە مرۆڤی پلە یەکەو تا بەرەو شارە دوورەکان بڕۆی مرۆڤەکان پلەیان نزمتر دەبێتەوە!

کاتێک هەموو بڕیارە وردو درشتەکان لە تارانەوە دەدرێن‌و شارو ناوچەکانی دیکە خاوەنی هیچ چەشنە ئیختیارو سەلاحییەتێک نین، کاتێک ئیمکانات‌و توانا مادی‌و مرۆییەکانی شارو ناوچەکانی دیکە وەبەرچاو ناگیرێ، کاتێک تاران سەرچاوەی هەموو بڕیارە سیاسی‌و ئیدارییەکان‌و ئیمکاناتە، ئاشکرایە کە ئەو گومانە چەوتانە دروست دەبن‌و کۆمەڵگای ئێران لە قرانی هووییەت‌دا دەژی‌و دادپەروەری مرۆڤایەتی دەبنە گەمەی دەستی چەند دەسەڵاتداری پاوانخواز کە هەوڵ دەدەن بە کۆکردنەوە هەموو کاروبارەکان لەبەردەستی خۆیان‌و نزیک لە خۆیان کۆنترۆڵی وڵات بە تەواوی بگرنە دەست.



کاتێک هەموو بڕیارە وردو درشتەکان لە تارانەوە دەدرێن‌و شارو ناوچەکانی دیکە خاوەنی هیچ چەشنە ئیختیارو سەلاحییەتێک نین، کاتێک ئیمکانات‌و توانا مادی‌و مرۆییەکانی شارو ناوچەکانی دیکە وەبەرچاو ناگیرێ، کاتێک تاران سەرچاوەی هەموو بڕیارە سیاسی‌و ئیدارییەکان‌و ئیمکاناتە، ئاشکرایە کە ئەو گومانە چەوتانە دروست دەبن‌و کۆمەڵگای ئێران لە قرانی هووییەت‌دا دەژی‌و دادپەروەری مرۆڤایەتی دەبنە گەمەی دەستی چەند دەسەڵاتداری پاوانخواز کە هەوڵ دەدەن بە کۆکردنەوە هەموو کاروبارەکان لەبەردەستی خۆیان‌و نزیک لە خۆیان کۆنترۆڵی وڵات بە تەواوی بگرنە دەست.

### ڕاگواستنی پایتەخت چارەسەرە؟

فکری ڕاگواستنی پایتەخت بۆیە هاتۆتە گۆڕێ چونکە گیروگرفت هەیەو تاران مەترسیدارە کە هەروا وەک پایتەخت بمێنێتەوە. هۆیەکانی ڕاگواستنیشی دەبەنەوە سەر مەترسیی بوومەلەرزە، پیسبوونی هەوا، حەشیمەتی زۆر. ڕاستە تاران لەسەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵکەوتوە، بەڵام ئێران وڵاتێکە کە بە گشتی لەسەر هێڵی بوومەلەزەیەو لە مێژوودا بوومەلەزەی زۆر بەهێزو ڕووخێنەر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران تۆمار کراون. ڕوون نیە کە پایتەختی نوێ ئەو مەترسییەی لەسەر نەبێ.

ئەو هۆیانەش کە لە پیسبوونی هەواو زۆربوونی حەشیمەت لە تاران کاریگەر بوون، لە پایتەختی نوێش‌دا هەر لە جێی خۆیانن کە باسمان کردن. لە ڕاستی‌دا سانترالیزمی سیاسی‌و ئیداری، پشتگوێخستن‌و بێبەشکردنی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە تایبەتی نەتەوەکانی دیکە لە بڕیاری سیاسی، ئیمکاناتی ئابووری، لەشساغی‌و پەروەردەیی‌و...تارانیان گەیاندۆتە ئەو ڕۆژە. ئەگەر ئەو هۆایانە لە جێی خۆیان بن، بێگومان پایتەختی داهاتووش هەر دەبێتەوە بە تاران. بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕینی پایتەخت‌دا خەریکە (معلول)ەکان بەجێ دێڵن‌و (علت)ەکان دەگوازنەوە.

**لە ئێرانی ئێستادا کوردەکان ڕۆڵی مێژوویی‌و مافی خانەخوێیی خۆیان لەدەست نادەن بەڵام بێگومان تەنیا خانەخوێش نین. لەوەها دۆخێکدا بە هەبوونی فارس، تورکی ئازەری، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن، لورو جۆراوجۆرییە کولتووری‌و مێژووییەکانی نێو ئێرانو چۆنیەتی ژیانو پێکەوەژیانی ئەوانیش دێتە کایەوە. لێرەدایە کە باسی گرنگو دورودرێژی «ڕێککەوتن و هاوبەشی» دێتە ئاراوە**

# هەڵوەستەیەک لەسەر «مافەکانی شارۆمەندیی بە هەموو لێکەوتەکانییەوە»



**کاوە ئاهەنگەری**

**وەرگێران بۆ کوردی:**
**سیروان مووساپوور**

ماوەیەک لەوەپێش هاوڕێی زانا و خۆشەویستم ئاغای ئەمینی ڕیاحی وتارێکی لەژێر ناوی «مافەکانی شارۆمەندیی بە هەموو لێکەوتەکانییەوە» بڵاو کردەوە. ئەم وتارە لە ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو بۆوە. بەداخەوە بەهۆی سەرقاڵیی زۆرەوە دەرفەتی قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە نەڕەخسا، بەڵام دوای ماوەیەک خۆشحاڵم لە ڕێگەی ئەم نووسینە کورتەوە دەرگای قسەکردنم لەگەڵ نووسەری بابەتەکە کردۆتەوە و بۆ خستنەڕووی پرسیارەکان و لادانی لێڵیی و ناڕوونییەکان و لەوانەشە بۆ وڵامدانەوە بە هێندێک لە ناڕوونییەکان هەنگاوێک بنرێ.

پێش هەر شتێک دیکە پێویستە ئەوە بڵێم بە بۆچوونی من ئاغای ڕیاحی نوێگەرییەکی تایبەتی لە شێوازی ڕوانین و باسکردنی مەسەلەکە هێناوەتە گۆڕێ کە لەم بارەوە دەستخۆشانەی پێدەڵێم و نووسراوەیەکی شیاوی ستایشە. ناوبراو لەم نووسینەدا توانیویەتی بە ڕوانینێکی فراوانتر لە زەینییەتی گشتی و تەنانەت زۆر لە چالاکە سیاسیی و غەیرە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە بابەتە سیاسییە توندەکانی نێوان کوردستان و ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئێران لە ڕابردوو و ئێستا لە مەسەلەکان بڕوانێ، نووسینەکەی بەڕێزیان وەک لیبرالێکی دێموکراتی سەر بە فەرهەنگی ناوەندی، لە گۆڕەپانی شێواز و تەنانەت ناوەڕۆکدا، چەشنێک نوێگەری یان باشتر بڵێم نەریت شکێنییەکی شیاوی بایەخ پێدانە.

خاڵێکی گرنگی دیکە، هەوڵی ناوبراو بۆ تاوتوێکردنی بابەتی ـ بەپێی توانا ـ لە بەستێنی کێشەکەوەیە کە ئەمە خۆی یارمەتییەکی زیاتر و ڕێگەیەکی باشتر بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە بۆ نووسەر دەستەبەر دەکا.

بۆ دەسپێکردن ناچارم هەر لە سەرەتاوە باس لە بیرۆکەی « دژیەکیی نێوان دوو مافی شارۆمەندیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس» بکەم. ئاغای ڕیاحی لە سەرەتادا بیرۆکەی دژایەتیی نێوان مافی شارۆمەندیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ئێرانییەکان دێنێتەگۆڕێ و ئەوەکە ئێمە دەتوانین تەنیا بە یەکێک لەم دووانە وەفادار بین. لێرەدا پێویستە بڵێم مافی شارۆمەندیی لە ڕوانگەی منەوە پێوەندیی بە نەتەوەبوون یان قەوم بوونەوە نیە. هەر هاووڵاتییەک دەبێ لە مافی تەواوی شارۆمەندیی بەهرەمەند بێ چ ئەندامی نەتەوەیەک بێ یان کۆمەڵگەیەکی ئایینی، چ جیابیر بێ یان جیاواز لەباری ڕەگەزییەوە. مافی شارۆمەندیی لێرەدا بنەما و لانیکەمێکە بۆ پێناسەی دێموکراسی. لەبنەڕەتدا من بڕوام بەوە نیە مافی شارۆمەندیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ یەکتر نە تەنیا نەگونجاو بەڵکوو دژ بەیەک بن، یان ئەوەکە مافی دیاریکردنی چارەنوس بە تەنیا بە مانای دەنگدان بە جیابوونەوە لە ئێران بێ. بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەم بابەتە باشتر وایە کەمێک زیاتر باس لە پێگەی کوردەکان لە ئێران و داخوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ وەک حیزبێکی خاوەن حەوت دەیە پێشینەی خەبات و بەدەستەوەگرتنی ئاڵای بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردەکان لە ئێران- بکەین. بۆ تاوتوێکردنی دروستی ئەم بابەتە باشترە سەیری پێگە و شوێنگەی کوردەکان لە ئێران لە بەستێنێکی دوور و درێژی مێژوویی بکەین. کورد خانەخوێیە نەک میوان، کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی و دوابەدوای گەشەیەکی سیاسیی کە لە ئێران هاتۆتە کایەوە، لەلایەن ئیتنیکێک یان ڕێژیم یان ڕێژیمگەلێکی بەزۆری غەیرە کورد، موستەحەقی بەشێک لە مافە دیاریکراوەکانی نێو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەکانی بێ.

لە بنەڕەتدا دەبێ وەک خانەخوێ لە کورد بڕوانرێ. کەسانێک کە هەزاران ساڵە لەم نیشتمانە واتە کوردستان‌دا ژیاون و خاوەنی مافی خاوەندارێتیی ڕەهای خۆیانن.

لەڕوانینی دووەمدا ئێمە لە بەستێنێکی دیکەدا بە ناوی ئێران ـ نەک بانووری مێژوویی ئێران ـ لە کورد دەڕوانین. دیارە لەوانەیە ئیتر زۆر پێویست نەبێ بۆ مێژووی کۆن بگەڕێینەوە چونکە بە زمانی ڕابردوو ناتوانرێ بۆ چارەسەری کێشەکان هەنگاو بنرێ بەم هۆیەوە هەڵکەوتە و بەستێنی هەنووکەیی کە نێوی «ئێرانە» تەواوە.

لە ئێرانی ئێستادا کوردەکان ڕۆڵی مێژوویی‌و مافی خانەخوێیی خۆیان لەدەست نادەن بەڵام بێگومان تەنیا خانەخوێش نین. لەوەها دۆخێکدا بە هەبوونی فارس، تورکی ئازەری، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن، لورو جۆراوجۆرییە کولتووری‌و مێژووییەکانی نێو ئێرانو چۆنیەتی ژیانو پێکەوەژیانی ئەوانیش دێتە کایەوە. لێرەدایە کە باسی گرنگو دورودرێژی «ڕێککەوتن و هاوبەشی» دێتە ئاراوەو بە بۆچوونی من دەبێ لە ڕوانگەی بیرۆکەی «ڕێککەوتن و هاوبەشی» لە ئێستا و داهاتووی ئێران بڕوانرێ. ڕوانگەیەک کە بنەمایەک بۆ چوونەپێش بەرەو دێموکراسی، ئازادی، یەکسانی‌و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێ.

ئاغای ڕیاحی لە درێژەدا دەنووسێ: «لە دەستەواژەی نەتەوەکانی ئێران تەنیا بەم هۆیە کەڵک وەردەگرم کە ڕەخنەی دەروونی لە جاڕنامەیەک بگرم کە بەشێوەی هاوکات بەرگری لە مافی شارۆمەندیی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران دەکا. ڕەخنەی دەروونی ئەم باشییەی هەیە کە بە هۆیەوە، پێویستییەک بە قسەکردن لەو بوارانەی کە لەوانەیە لایەنەکان لەسەریان هاوڕا نەبن، نابێ. کەواتە سەرەڕای ئەوەی ئێران بە پێکهاتەیەک لە نزیکەی حەفتا و پێنج میلیۆن هاووڵاتی‌و نەک چەند نەتەوە دەزانم، لە تەواوی ئەم نووسراوەدا ئێران بە وڵاتێکی چەند نەتەوەیی سەیر دەکەم.» بە بڕوای من بنەماکە تا ڕادەیەک ناڕاستە، لەم پێوەندییەشدا دەتوانرێ بەم ئیستدلالە بگەین کە داخوا ئەم بنەمایە پشت ئەستوور بە زانستە. ئەگەر بەڵێ، کەوایە بۆچی هەر ئەو زانستە کە هەمان حەقیقەت یان دەرسەدێک لەو یان نزیک لەوە، وەک بنەما دانانێین؟ بە واتایەکی دیکە، ئاغای ڕیاحی لەم نووسراوەدا نەتەوەبوونی کورد ڕەت دەکاتەوە و بۆ درێژەدانی باسەکەو بۆ ئاکامگیری لە باسەکەی خۆی لەلایەن کوردەکانەوە، کوردەکانی وەک نەتەوەیەک قبووڵ کردوونو بە باوەڕی من ئەمە ڕاست نیە. یەکەم ئەوەکە کورد یان نەتەوەیە یان نەتەوە نیە. ئەگەر نەتەوەیە ئیتر بە پێویستییەکی نازانم تەنیا لە ڕوانگەی کوردەوە، نەتەوەبوونی کوردو مافەکانی تاوتوێ بکرێ. ئەگەریش نەتەوە نیە، کەوایە هۆکارێک نیە کە بە نەتەوە فەڕز بکرێ. خاڵی دووەم ئەوەکە ئەمن بڕوام بەوە نیە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی چەند میلیۆنی حەتمەن پێویستە نەتەوە بێ بۆ ئەوەی مافی پێ ڕەوا ببینرێ. مرۆڤ بوون بە تەنیایی بەسەو ئەگەر کۆمەڵەیەکی ـ دە ملیۆنی لە ئێران ـ خۆیان بە تایبەتمەندیی زمانی، مێژوویی، نیشتمانی، ئیحساسی، سیاسی و ... هاوبەش پێناسە کردووە، ئیتر هۆکارێک نامێنێتەوە بەدوای بەڵگەی دیکەدا بگەڕێین ئەگەر ئامانجی ئێمە باوەڕداربوونی پڕاکتیکیانە بە پێکەوژیانی ئاشتییانەیە. لەحاڵێکدا لە بەرنامەو پێڕەوی پەسندکراوی حیزبە دیارەکانی کوردستانو بە تایبەت حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی، مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی ئێران‌دا خراوتەڕوو نەک لە دەرەوەی ئەو.

ئاغای ڕیاحی لە درێژەدا دەنووسێ: «مەبەست لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیش، لێکدانەوەیەکە کە مەبەستی مانەوە یان سەربەخۆبوون بۆ نەتەوەکانی ئێرانی یان دانیشتووانی ناوچەیەکی جوغرافیایی، بەبێ پێویست بوونی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هاووڵاتیە ئێرانییەکانی دیکەیە.»

چونکە ئاغای ڕیاحی کەڵکی لە شێوازی ڕەخنەی دەروونی وەرگرتووە، پێویستە هەر لێرەدا ئەم ڕەخنەیەی لێبگیرێ کە نووسەر شارەزاییەکی دروستو تەواوی لە دەروونی سیاسی‌و لێکدانەوەکانی- بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان- لە مافی دیاریکردنی چارەنووس نیە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بە واتای دەنگدان بە جیابوونەوە نیە بەڵکوو تەنیا بە مانای گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک بۆ چەند بژاردەیەکی جیاوازە کە جیابوونەوە لە ئێران دەتوانێ یەکێک لەم بژاردانە بێ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە دروشمی ئیستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان «دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەچوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکو فیدراڵ» دایە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ دەبێ ئێمە باس لە بژاردەی کۆتایی‌و بەناچاری ئەم مەسەلەیە بکەین؟ مەگەر بۆ حاڵەتەکانی دیکەی کێشەکە بە ڕادەی پێویست هەوڵ دراوە کە بێهیوایانە باس لە بژاردەی کۆتایی بکەین؟

لە درێژەدا ئاغای ڕیاحی ئاماژە بە بابەتی هەڵاواردن لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەکا: «یانی دێموکراسی لە ئێران‌دا جێگیر بووە و حکوومەت جیاواز لە هەرچەشنە هەڵاواردنێک بە مافەکانی هاووڵاتی پابەندە».

مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕوانین بۆ بابەتی هەڵاواردن بەم ئاسانییەش نیە. ئایا بەڕاستی لە ئێران‌دا نابێ هەڵاواردن هەبێ؟ ئەگەر نا، کەوایە لەمەڕ شێوازی وەدیهاتنی مافەکانی جۆراوجۆرییە فەرهەنگییەکانی ئێران دەتوانرێ چ بگوترێ؟ بۆ نموونە مافی بەهرەمەندبوون لە ئازادیی ڕادەربڕین: ئازادیی ڕادەربڕین لە مەشهەد و سنە بە چ شێوەیەک دەبێ؟ مەشهەدییەکان بۆ بەهرەمەندبوون لە ئازادیی ڕادەربڕین بە زمانی فارسی قسە دەکەن، بەڵام ئەم مافە کوردەکانی نیشتەجێی مەشهەدیش دەگرێتەوە کە نەک بە فارسی بەڵکوو بە زمانی کوردی ڕای خۆیان دەرببڕن؟ لە سنەش هەر بەم شێوەیە، کوردەکان بە زمانی کوردی‌و مەشهەدی یان فارسەکانی نیشتەجێی سنە بە زمانی فارسی.

ئێستا پرسیارێکی دێتە پێش و ئەویش ئەوەکە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم مافە بە چی شێوەیەکو چ نێوێکی دەبێ‌و داخوا جیاوازییە واقعییە بە جیاوازیی ناو دابنرێ؟ لەگەڵ زیان و زوڵمێک کە ـ بۆ نموونە- لە کوردەکان لە بواری زمانیی کراوە، چ بکرێ؟ ئایا دەتوانرێ پەنا بۆ سیاسەتی قەرەبووکردنەوە ببردرێ و ئەمە خۆی جۆرێکی دیکە لە هەڵاواردن نیە؟

ئەگەر بمانەوێ لەڕێگەی دەنگدانەوە ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزینەوە (ڕێگەچارەکانیش وەکیەک نین‌و مافی دیاریکردنی چارەنوسیش بێشک بە واتای جیابوونەوە نیە) بۆ نموونە لەبابەت کوردستانەوە، ئیتر لە غەیرە کوردەکانی دەرەوەی کوردستان ناپرسین داخوا کوردەکان ئەم مافەیان هەیە یان نا؟ چونکە ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو لەپێوەندیی لەگەڵ خەڵکێکی دیارو بۆ کێشەیەکی دیار بە هاوڕایی گەیشتووین. کەوایە مافی دیاریکردنی کوردستان بۆ دانیشتووانی کوردستان دەگەڕێتەوە. بەڵام ئایا غەیرە کوردەکانی دانیشتووی کوردستان مافی دەنگدانیان هەیە؟ ئەمە شتێکی دیکەیەو تا ئەو جێگەیەی من دەیزانم ڕێژەی حەشیمەتی غەیرە کوردەکانی دانیشتووی کوردستان لە ئاستێکدا نیە کە وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە فۆڕم دانو چۆنیەتی‌و چەندێتیی بابەتەکەدا لێی بڕوانرێ، بەڵام بە بۆچوونی من هەرکەس لە دانیشتووی کوردستان بێ یان بیهەوێ ببێ، مافی هەیە لە چارەنووسی کوردستانیش‌دا شوێندانەر بێ‌و لەباری «ماف» کە مافێکی دێموکراتیکیشە، دەکرێ لەڕێگەی بۆ نموونە ماددەیەکی یاسایی (کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند دەکرێ) ئەم گرووپە لە هاووڵاتیانیش مافی بەشداریی لە ڕاپرسییان هەبێ.

لە درێژەدا ناوبراو گەڕانەوە بۆ کوردەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە حاڵەتێکی دژی مافی مرۆڤ دەزانێ و دواتر ڕێگەچارەیەک پێشنیار دەکا کە:» لەجێگەی وشەی نەتەوە، دەستەواژەی «دانیشتووانی ناوچەیەکی جوغرافیایی» پێشنیار دەکا.» لەم پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە ڕیفراندۆمێک بکرێ کە لە «کبک»ی کانادا ئەنجام دراوە کە لەپێوەندیی لەگەڵ چارەنووسی کەبک تەنیا بۆ دەنگی خەڵک کەبێک گەڕانەوە نەک سەرانسەر کانادا. لە بنەڕەتدا بنەماکە خودی ناوچەکەیە نەک ناوچەیەکی دیکەی نزیکەی دوو هەزار کیلۆمەتر دوورتر لە ڕۆژهەڵات یان باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات.

قسە لەسەر ئەوەیە دانیشتوانی ناوچەیەکی زمانیی پێکەوەبەستراو، یان لەوانەشە پێکەوەنەبەستراو لەباری جوغرافیایی بەڵام پێکەوەلکاو لەباری زمانی تێگەیشتنێکی باشترو دروستتریان سەبارەت بە کێشە و مەسەلەکانی خۆیان هەبێ هەتا کەسێک کە تا ئێستا جارێکیش سەردانی ئەو ناوچەیەی نەکردووە. داخوا لەپێوەندیی لەگەڵ ئاساییش‌و خۆشگوزەرانی ناوچەیەک یان چارەسەرکردنی کێشەیەک باشتر وانیە کە کاری

**لە ئاڵۆزی‌و کەس بە کەسی سیاسیی ئێران‌دا، لە کۆمەڵگەی بەڵاڵێدراوی ئەم نیشتمانەدا، لە مێژووی ڕەشی ئەم وڵاتەداو لەپشتی دواکەوتوویی‌و قەیرانە سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کولتووریەکان، ئەگە بنەما لەسەر ڕەتکردنەوەی بۆچوونی یەکتر دابنرێ، ئەوا شتێکی لێ شین نابێ‌و چارەسەرکاری هیچ شتێک نیە و نابێ.**



کارناسی بە لەبەرچاوگرتنی بەستێنی ئەو شوێنە ئەنجام بدرێ و چارەسەرکردنی کێشەکەش بۆ توواناکانی هەمان ناوچە بگەڕێندرێتەوە؟ قسە لەسەر کەڵک وەرگرتن یان وەرنەگرتن لە پسپۆڕو شارەزایانی ناخۆجێیی نیە، بەڵکوو لە کۆتایی‌دا چارەسەرکردنی کێشەیەکە کە لە بەستێنێکی دیاریکراودا پێناسە و پێویستی بە چوارچێوەیەکە.

لە ڕەهەندێکی دیکەشەوە دەکرێ لە مەسەلەکە بڕوانرێ‌و ئەویش ئەوەکە بە هەمان شێوە کە لە ئێستادا دەرفەت یان مەرجی جیابوونەوە لەسەر وەرگرتنی ڕای کەسانی دیکە دادەنێین (خەڵکی دەرەوی کۆمەڵەی باسکراو)، داخوا ئەم مەرجە لەمەڕ جیاکردنەوەی یەکەمیش ڕاست دەردەچێ؟ ئایا پرۆژەی جیاکردنەوە کوردەکان لەیەکتر بە دەنگی لانیکەمی خودی کوردەکان بووە هەتا لە داهاتووشدا پرۆژەی پێکەوەبەستنەوەی ئەوان بۆ ڕای گشتی لەنێو غەیرەکوردەکان بگەڕێنرێتەوە؟ لەوانەیە وڵامی ئەو پرسیارە ئەوە بێ کە ڕابردوو ڕابردووە و، ئیتر ناکرێ بۆ مێژوو بگەڕێینەوە! ئەم وڵامە تا ڕادەیەک ڕاستە و ئەمە تەنیا سەبارەت بە کوردستان ڕاست دەرناچێ بەڵکوو وڵات و ناوچەی ئیتنیکی زۆر لەسەر گۆی زەوی لەخۆ دەگرێ کە دوابەدوای ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری و یەکترگرتنی چەند فاکتەرێک تووشی چارەنووسێکی هاوشێوە بوون. بەڵام لە ئێستادا و لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستانی ئێستا بەباوەڕی من فاکتەری مێژووییش دەبوایە لەبەرچاو بگیرێ. یەکەم ئەوەکە مێژوو و کاری دابەشکردنی دووەمی کوردستان ( ١٩٢٣ی زایینی) هەنووکەش لە زەین و بیرەوەری زۆرکەس‌دا هەیە و شایەتی وەها کردەوەیەکی دژی مافی مرۆڤی لەلایەن زلهێزەکانی جیهان بوون. دووەم ئەوەکە کاریگەریی‌و دەرەنجامەکانی ئەم دابەشکردنە ئێستاش زیندوو و خەریکی خۆنواندنن، دەبینین کوردەکان هەنووکەش خۆیان سەر بە یەکەیەکی مێژوویی فەرهەنگی دەزانن و بارودۆخی سیاسیی بەشە جیاوازەکانی ئەم نیشتمانە چۆن کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن. سێیەم ئەوەکە ئەگە بمانەوێ لەسەر بنەمای «دێموکراسی، ئازادیی

ل ٦

حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە دەبێ بە بەرنامە و پرۆژەیەکی تۆکمەو پلان داڕێژراو کار لە سەر هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مجلیس بکەن. ناکرێ بە بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنانە، ناوچەکان لە بوونی دەنگهەڵبرێک لە پارلەمان بێبەش بکەن کە دەتوانێ لانی کەمی داواکانی خەڵک بێنێتە بەرباس

لووتکەی مایەپووچی بەڵێنەکانی رووحانی کاتێک زیاتر لە هەموان خۆی دەرخست کە لە بودجەی ساڵی ٩٣دا بە جێی ئەوەی پشکی ناوچەو پارێزگا بێبەشەکانو بەتایبەت کوردستان زیاتر بکا،

# کوردستان! دەنگ بدەیو نەدەی هەر ئەوە بەشتە!



**تەها رەحیمی**

سەرەڕای هەموو بێ بەڵێنیو مایەپووچی وەعدەو پەیمانەکانی دەسەڵاتبەدەستانی تارانو دەوڵەتەکانو حکوومەتی ناوەندی لە ئاست ویستو داخوازی گەلی کورددا، دیسانیش لە خولی یازدەیەمی سەرکۆماریدا گەلی کورد بە بەسەرنجدان بە نێوەرۆکی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی رووحانی کە لە چاو بەرنامەو پرۆگرامی پاڵێوراوەکانی دیکە کراوەتر دەهاتە بەرچاو بە گەرموگوڕییەکی زیاترەوە بە هیوای دابینی لانی کەمو سەرەتاییترین مافەکانیان چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانو بە گوێرەی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی هەلبژاردنی حکوومەت، شارو ناوچە کوردنشینەکان زیاترین دەنگیان بە حەسەنی رووحانی دا. بەڵام سەرەڕای گەشبینی جیهانیو نێوخۆیی سەبارەت بە گۆڕانی ستراتیژیو سیاسەتی دەرەوەو نێوخۆیی دەوڵەتی تەدبیرو ئومید، هەر دەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نوێ، رەوتی ئێعدامەکانی لە ئێران خێراتر بوونو قەوڵ و بەڵێنییەکان بەرەو کاڵ بوونەوە چوون. کە لەم نێوەشدا دیسان رۆڵەکانی گەلی کورد لە پشکی شێر بێبەش نەکرانو دەگەڵ ئێعدامی زیندانییە سیاسییە کوردەکان لە سەر سنووریش کوژرانی کۆڵبەران، کە لە پێناو پاروە نانێک گیان لە سەر دەستن بەردەوام بوو. کەواتە دەبێ بڵێین ئەو کوردانەی لە نێوخۆ هیوایەکیان بە دەوڵەتی تازە هەبوو، ئەمجارەش بێ هیوامانەوە! لە هەڵنەبژاردنی جێگرو بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە کەمەنەتەوەکانو بگرە هەتا نالێهاتوویی کاراکتێری خۆجێی لە کوردستان بۆ بە دەستەوەگرتنی پارێزگارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان .... هتد دیاری ئەو حکوومەتە بنکە فراوانە بۆ کورد بوو. کە ئەم ئاکارانەی دەوڵەت بە تایبەت لە کوردستان رێک بە پێچەوانەی درووشمەکانی بەر لە هەڵبژاردنو بە نالێهاتوو لەقەڵەم دانی کاراکتێرە خۆجێیەکانی کورد سەرەڕای کار پێنەسپاردنیان، بە ئاشکرا سووکایەتی بە هەستو نەستی کوردە بۆ زیاتر تێکشکاندنی دەروونی تاکی کوردی.

دەوڵەتی رووحانی بە دروشمو بانگەشەی بریقەدارەوە هەنگاوی نایە ئەو گۆڕەپانە ئاڵۆزەی کە لە ئەحمەدینژادی بە میرات وەرگرتبووو، بۆ هێورکردنەوەی بیروڕای جیهانی لە سەر ئێرانو بەتایبەت کەم کردنەوەی ئەو گوشارە ئابوورییانەی بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانو لە سۆنگەی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی پشووی لە خەڵکو حکوومەت سوار کردبوو، بە پشتیوانی «نرمش قهرمانانە»ی رێبەیی، دەگەڵ رۆژاوا کەوتە دانوستانو لە نێوخۆشداو سەبارەت بە بەڵێنیەکانیو بردنەسەری دروشمەکانی پێش هەڵبژاردنی، بروبیانووی جۆراوجۆری خستە روو، بەردەوام بەڵێنی پووچی دیکەی بۆ خەڵک جێ هێشتەوە.

لووتکەی مایەپووچی بەڵێنەکانی رووحانی کاتێک زیاتر لە هەموان خۆی دەرخست کە لە بودجەی ساڵی ٩٣دا بە جێی ئەوەی پشکی ناوچەو پارێزگا بێبەشەکانو بەتایبەت کوردستان زیاتر بکا، بەپێی هەڵچوونی هەڵاوسانو گرانی، نەک هەر زیادی نەکردو وەک ساڵی پێشتر دەرنەچوو، بەڵکوو کەمتریشی کرد. لە بوودجەی ساڵی ٩٣ی دەوڵەتی رووحانیدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوە پشکی هێزە چەکدارو باندو تاقمە گوێ لەمستەکانی حکوومەت بوو بۆ رازی کردنی دڵی بنئاژۆخوازو هێزە سەرکوتکەرەکان، زیادی کردو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران، سەر بە کەمە نەتەوەکان لە ئاست ئەم نادادپەروەرییەدا دەنگ هەڵبڕنو تەنانەت نوێنەرانی خوزستان کە زیاتری دانیشتووانی سەر بە نەتەوەی عەرەبن داوای دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکی مەجلیس بکەن. بە دوای ئەوانیشدا دەنگۆی دەست لە کارکێشانەوە نوێنەرانی لۆرستانو ئەردەبیلو کوردستانیش بڵاو بۆوە. چونکە پشکی ئەو پایزگایانە بە جێی ئەوەی بە گوێرەی هەڵاوسانو گرانی رۆژ دەگەڵ رۆژ روو لە هەڵکشان، زیاد بکرێ، لە چاو ساڵی پێشوو کەمتریشی کرد. کەچی ئەم ناوچانە بە پارێزگا (محروم) ەکان دێنە ئەژمارو لە بواری پێڕاگەیشتنو ئاوەدانییەوە کەوتوونە بەر هەڵاواردنو پێویستە زیاتر سەرنجیان بدرێتێ.

ئەگەرچی هەتا ئێستاش ئاکامی ئەم هەڕەشەی دەستلەکار کێشانەوەیەی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران کە سەر بە نەتەوە نافارسەکانن، روونو دیار نییە، بەڵام ئەم کارەو نارەزایەتی دەربڕینی نوێنەرانی ئەم ناوچانە بە یەکگرتووییو لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا جێگەی تێڕامانەو دەکرێ بکرێ، بە بنەماو رێچکەیەک بۆ دەنگ هەڵبڕینو هێنانە ئارای ویستو داواکانی ئەم نەتەوانە لە گرنگترین شوێنی بڕیاردانی قانوونی وڵاتدا. هەر لە بنەڕەتیشدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە نوێنەرانی پارڵەمان دەبێ ئاگایان لەم بەرپرسایەتیو ئەرکانە بێ کە لە پێناوی دا ئامادەی پارڵەمانن. ئەگەر تا ئێستا کەموکورتییەکیش لە کاروباریاندا هەبووە دەبێ بە چاوکراوەییترو وردتر بیر لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیان بکەنەوە. چونکە هەروەک دەزانین نوینەرانی پارلمانی هەر وڵاتێکو هەرێمێک دەگەڵ ئەوەی دەبێ لە پارلمان تاوتوێی کاروباری پێوەندیدار بە وڵاتەوە بکەنو قازانج و بەرژەوەندی گشتی لێک دەنەوەو بە ئاقاری خێروبێری وڵات بڕیارو پەسندکراو دەرکەن، لە ئاستی نێوخۆییشدا دەبێ بە شێوەیەکی چالاک، مزگێنیدەری پێشکەوتنو بەرەوپێش چوونی ئەو ناوچەو هەرێمە بن کە نوێنەرایەتی دەکەن. ئاوەدانیو پەرەپێدانی کارە خزمەگوزارییەکان دەکرێ بە یەکێک لە سەرەکیترینو گرنگترین ئەرکەکانی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دانێن. دەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرانی ناوچە دواکەوتووەکانو بەتایبەت کوردستان کە هەمیشە وەک خاکو خەڵکێکی نامۆ لە چوارچێوەی ئێراندا سەیری کراوەو بە درێژایی مێژوو لە لایەن حکوومەتە داپلۆسێنەرەکانەوە میلیتاریزە کراوەو سەرەڕای بە تاڵان بردنی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی لە کانگە ژێرزەوی و نەوت .... بگرە هەتا تاڵان کردنی شوێنەوارو تەنانەت کوێر کردنەوەی زۆربەی سەرچاوەکانی جوانیو ژینگەیی کوردستان، لەچاو زۆربەی بەشەکانی دیکەی ئێران لە هەرە سەرەکیترین پێشکەوتنو پێڕاگەیشتنەکان بێبەش کراوەو بە بیانووی جۆرارجۆر پەراوێز خراوە زیاتر بۆ قەرەبووی دواکەوتوویی گەلەکەیان لە رێگەیەکی گونجاوی قانوونییەوە هەوڵ بدەن. کەواتە لەسەر نوێنەرانی ناوچەو ئەیاڵەتە کوردنیشینەکانە هەموو پوناسیەلو توانای خۆیان وەگەڕ بخەن، هەتا کەمێک لە بێبەش کرانی نیشتمانو کەوشەنی لە بیرکراویان قەرەبوو بکەنەوە. هەروەها ئەوە کارکردی ئەم نوێنەرانەیە کە دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەوەی لە دەورەکانی داهاتووی نوێنەرایەتیو کاروبارە بەرێوەبەرییەکانی دیکەدا دەنگیان بدرێتێ. کارنامەی نوێنەران لە بەرجەستەکردنو گەیاندنی دەنگو ئازاری خەڵکی ناوچەکانی خۆیان هۆکارو فاکتەرێکە بۆ پشت قایمی ئەم کارەکتەرانە لە خولەکانی دواتردا.

هەروەها لەم لایەشەوە حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە دەبێ بە بەرنامە و پرۆژەیەکی تۆکمەو پلان داڕێژراو کار لە سەر هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مجلیس بکەن. ناکرێ بە بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنانە، ناوچەکان لە بوونی دەنگهەڵبرێک لە پارلەمان بێبەش بکەن کە دەتوانێ لانی کەمی داواکانی خەڵک بێنێتە بەرباس. خەباتی مەدەنی رۆژهەڵاتیش هاووێنەی باکوور دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی باندەکانی دەسەڵات لە تاران، لە پارڵەمانو لەسەر دەستی نوێنەرانەوە زیاتر ریشاوژۆی کۆمەڵگەو دامودەزگاکانی وڵات ببێو هاوکارییو هاوپێوەندیی دووانەی تاراوگەو هێزی چالای مەدەنی شار رێگەیەکە بۆ پێکەوە بەستنەوەی هێزو پوتانسیەل رۆڵەکانی کورد لە پێناو گەیشتن بە خەبات دا.



درێژەی:

## هەڵوەستەیەک لەسەر «مافەکانی شارۆمەندیی بە هەموو لێکەوتەکانییەوە»

**ئەگەر بمانەوێ لەڕێگەی دەنگدانەوە ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزینەوە (ڕێگەچارەکانیش وەکیەک نینو مافی دیاریکردنی چارەنوسیش بێشک بە واتای جیابوونەوە نیە)**

و مافی مرۆڤ» باسی چارەسەرکردنی مەسەلەی ئیتنیکی لە ئێراندا بکەین، پێویستە ئاوەڵناوی « دادپەروەری»یشی پێوە زیاد بکرێ، بەهۆی خەسارناسییەکی زانستی وێڕای ڕەتکردنەوەی تراژیدیای «دابەشکردنی کوردستان» لەڕابردوو کە هەمان دابەشکردنی بانووی ئێران بووە، لە ڕاستای چارەسەرکردنی کێشەکە بە ئامانجی « دەستەبەرکردنی مافەکان» هەنگاو هەڵگرین. سەبارەت بە کوردستان لە ئێرانیشدا بنەما وەدیهاتنی مافەکانی کوردە نەک نیگەرانی لە بەستنی ڕێگە یان پچڕاندنی ڕێگاکانی پێوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای ئێران.

لە درێژەدا ئاغای ڕییاحی ئاماژە بە بابەتی چارەنووس و کاریگەریی چارەنووسسازی جیابوونەوەی ناوچەیەک لەسەر ناوچەکانی دیکەی ئێرانی کردووە و لە کۆتایی بابەتەکەدا دەرەنجامێک کە بەم شێوەیەیە: «مافی شارۆمەندیی دواهاتگەلێکی هەیە و یەکێکی لەو دواهاتانە ئەوەیە ئەگەر دەمانەوێ چارەنووسی کەسێک لەبیاقی سیاسەت بگۆڕین، دەبێ ڕای ئەویش وەربگرین، لە غەیری ئەمەدا ئاوەڵناوی زۆردار، بۆ ئێمە لەجێگەی خۆیدا دەبێ».

ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین بە هەمان شێوە کە پێشتریش خرایەڕوو، سیاسەت بە تایبەت لە ڕوانگەیەکی لیبراڵییەوە لە دەوری بەرژەوەندییەکان دەسووڕێتەوەو ئەوە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکن کە زۆر لە ڕوانگە و تاکتیک و ئیستراتیژییە سیاسییەکان دیاری دەکەن. سیاسەتمەدارێکی لیبراڵ بە باشی ئاگاداری هەبوونو ڕۆڵی پڕڕەنگی ئابووری لە سیاسەت دایە. ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندییو ئابووری لەم مەسەلەیە بڕوانین، دەبینین بارودۆخی کوردەکان لە عێراق لە ئێستادا بە شێوەیەکی پێک بەراوردنەکردن باشتر لە هەر سەردەمێکە کە لەژێر دەسەڵاتی سەددام حوسێندا بوون، کوردەکان لە عێراق بێجگە لە بەهرەمەندبوون لە پێناسێکی سیاسیی خاوەن ئیعتبار، لە بارودۆخێکی ئابووریی زۆر باشیشدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەوە بێجگە لەوەی خاوەن ئازادیی سیاسیی و مەدەنیشن. بەم وەسفەوە جێگەی چەند پرسیارێک بەتاڵە. ئایا ئێمە دەبێ خۆشگوزەرانیو ئاساییشو بەرژەوەندییەکانی خەڵکانێک لە ناوچەیەکدا بە بنەماو ئامانج دابنێین یان یەکپارچەیی خاکی عێراقو دەسەڵاتدارێتیی سەددام حوسێتن و بەردەوامبوونی؟ ئایا بە سەرنجدان بە قبووڵی بەرژەوەندییەکان، ئازادی، مافی مرۆڤ، خۆشگوزەرانی و ... وەک بنەما و هەدەف، بارودۆخی هەنووکەیی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی ڕێژەیی تەئید بکەین یان هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێژیم و دۆخی پێشوو؟ تا چ کاتێک و چ ئاستێک دەتوانینو ئایا ڕێگەی ئەوەمان پێدراوە ئازادییو ئاسایشی ناوچەیەک لەبەر ناوچەیەکی دیکە دیاری بکەینو کەمی بکەینەوە؟ بێگومان بە سەرنجدان بە ناسیارییەک کە ئاغای ریاحیم هەیە، ناوبراو نە تەنیا بارودۆخی سەردەمی بەعسی بۆ عێراق قبووڵ نیە، بەڵکوو ئامانجی ناوبراو بەربڵاوترو پێوەندیی بە سەردەمێکەوە هەیە زۆر دوورتر لە لە ڕێژیمە سەرەڕۆکانی دەسەڵاتدار بەسەر ئێران و عێراقدا و لە هەوڵی هاتنەئارای ئێرانێکی ئازادی دێموکرات و سێکۆلار دان.

### وتەی کۆتایی

به باوەڕی من نابێ لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بۆچوون یان داخوازییەک دەست بە گفتوگۆ بکەین. لە ئاڵۆزیو کەس بە کەسی سیاسیی ئێراندا، لە کۆمەڵگەی بەلالێدراوی ئەم نیشتمانەدا، لە مێژووی ڕەشی ئەم وڵاتەدا و لەپشتی دواکەوتوویی و قەیرانە سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، ئەگە بنەما لەسەر ڕەتکردنەوەی بۆچوونی یەکتر دابنرێ، ئەوا شتێکی لێ شین نابێ و چارەسەرکاری هیچ شتێک نیە و نابێ.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراندا سەرەتا دەبێ کورد و کوردستان وەک یەکەیەکی نەتەوەیی، فەرهەنگی و مێژوویی قبووڵ بکرێ کە لەڕاستیدا ئێران کۆمەڵەیەکە لەم جۆرە یەکە نەتەوەییانە پێک هاتووە. دووەم ئەوەکە کار بۆ یەکیەتییەکی ئۆرگانیک لەنێو کۆمەڵەکان لەپێناو خۆشگوزەرانی و بەختەوەریدا بکرێ، بەشێوەیەک کە هەریەکێکیان لە کاتی بەستراوەبوونیان خاوەن سەربەخۆییەکی کارکردی بن.

دارشتنی وەها سیستەمێک پێویستی بە کارێکی کارناسانەی درێژخایەن هەیە کە تەنیا و تەنیا لەڕێگەی گفتوگۆ دەرەنجامی ئەرێنی لێدەکەوێتەوە. سێیەم ئەوەکە بە باوەڕی نووسەر ئێمە دوو ڕێگەی دێموکراتیکمان لەبەردەمە: یەکێکیان گەڕانەوە بۆ دەنگی گشتیی دانیشتووانی هەر ناوچەیەکی زمانی، ئەویتر گەڕانەوە بۆ نوێنەرانی ناوچە زمانی و ئیتنیکییەکان و کاری کارناسیی لەسەر بابەتە مشتومڕهەڵگرەکان و دوای هاوڕایی یان پێک نەگەیشتن، گەڕانەوە بۆ دەنگی گشتی. باشیی شێوازی دووەم لەوەدایە کە هەموو خەڵک هەم کاتی تەواویان دەبێ کە لە زانیارییە پێویستەکان لەمەڕ بابەت و مەسەلەکانی جێگەی باس بەهرەمەند بن و لە کۆتاییدا لە کاتی دەنگداندا، بژاردەی باشتر هەڵدەبژێرن.

**کاتێک لە بەرنامەی بەشێک لە حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی خەبات بۆ کومەڵگایەکی سوسیالیستیی یاخود سوسیالیستیی دێموکراتیک وەکو ئامانجی دوارۆژ ئەویش لە وڵاتێکی ئایینیو جیهان سێهەمیی دەکرێ، بۆ نابێ بە ڕاشکاویی باسی ماڤی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییو پێکهێنانی کیانو سەروەریی لە دوارۆژدا بکرێ؟**



# کێشەی کورد و دروشمی سەرەکیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## «گەڵاڵەی مەسەلە»

د. کامران ئەمین ئاوە

نووسەری ئەم دێرانە پێشتر لە بابەتێکدا بەناوی «کورتە باسێک لە سەر ڕەمزی سەرکەوتنی بیری سەربەخۆییخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان – گەڵاڵەی مەسەلەکە «تا ڕادەیەک باسی سەربەخۆییو کۆسپەکانی سەر ڕێگای کردووە. لێرەدا وەکو درێژەی ئەو بابەتە باسی کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستانو ڕێگای گەیشتن بە سەروەرییو کیانی کورد دەکرێ. ئەرکی ئەم بابەتە وڵامدانەوە بە تەواوی پرسیارەکانی مەسەلەی کورد نییە، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی کوردستان هەوڵێکە بۆ ئاڵوگۆری بیرورا و دیتنەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### قۆناخەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەگەر ئێمە ئاورێک لە مێژوو و ڕەوتی بزوتنەوەی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە پێی هەلومەرجی کوردستان چەند قۆناخێ تێپەرکردوە. بۆ وێنە لە زۆربەی بەشە لێکجیاکراوەکانی کوردستان تا کاتی کۆتاییهاتن بە شەری دووهەمی جیهانیی، دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان دروشمی سەرەکیی بووە. لەسەرەتادا سەرۆک عەشیرەکان بە هۆی وەزعییەتیی ئابووریی — کۆمەڵایەتیی، سەروەر بوونی سیستێمی فیوداڵیی، نەبوونی بارودۆخی ڕەخساو، ئاستی نزمی ڕۆشنبیرییو فەرهەنگی حیزبایەتیی ڕێبەری ئەم بزوتنەوەیە بوون. لە ڕاستییدا هەرئەوان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتییان تواناییو دەرفەتی کۆکردنەوەی خەڵک، پێکهێنانی هێزی چەکدار، هەروەها پیوەندییگرتن لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەیان بۆ وەدەستهێنانی یارمەتییو پشتیوانیی لە بزووتنەوەی کورد هەبوو. ئەم قۆناخە دەکرێ وەکوو بزوتنەوەی فیوداڵیی – ڕزگاریخوازیی کورد پێناسە بکرێ. پێکهاتنی حیزبی هیوا، کۆمەڵەی ژ — کاف (حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەمەد)، بەستنی پەیمانی سێ سنوور و هتد .... تا ڕادەیەکی زۆر بزوتنەوەی کوردی خستە ژێر ڕێبەرایەتی بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە هەستێکی بەهێزی سەربەخۆییخوازییو یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستانیان هەبوو. سەرکوتکردنو ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هاوکاتە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم قۆناخە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. بەهیزتربوونی دەوڵەتە داگیرکەرەکانو پەیمانی هاوبەشیان دژ بە بزوتنەوەی کورد، پشتیوانیی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لەوان، لاوازبوونی هێزو کاریگەریی سەرۆک عەشیرەکانو گۆڕانکاریی بنەمای ئابووریی ئەم وڵاتانە، پەرەسەندی سیستێمی سەرمایەدارییی، کاریگەریی بیری چەپی سەرتاسەرییو هیوا بە کۆتاییهێنان بە زوڵمو زۆری نەتەوەیی لە وڵاتێکی سوسیالیستییدا خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سەرەتادا خستە قۆناخی خەبات بۆ ماڤی شاروەندیی، پاشتر خودموختاریی لە چوارچیوەی ئێراندا، هەروەها هەڵبژاردنی ئامانجی سوسیالیسمو پاشان سوسیالیسمی دێموکراتیک. باوەر بە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی چەوسانەوەی چینایەتییو نەتەوەیی لە یەکیەتیی سۆڤییەتییو وڵاتە سوسیالیستەکانی ئوروپاپی، خەباتی کومۆنیستەکان وەکو هێزی سەرەکی — پێشکەوتنخوازی دژ بە زوڵمو زۆری چینایەتیو نەتەوەیی کاریگەریی زۆری بۆ ڕاکێشانی ڕوناکبیرانی کورد بەرەو ئەم حیزبانە بوو. حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی لەو دەورانەی کە جیهان لە نێوان دوو بەرەی سوسیالیستییو کاپیتالیستیی دابەش کرابوو، بەرەی سوسیالیستییان هەڵبژارد.

**جیابوونەوەو لێکدابران لە نێو حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ڕەوتێکی ئاساییو بەرژەوەندی تاکەکەسی، گرووپی ئەم حیزبانە بەرژوەندیی نەتەوەیی خستووتە پەراوێزوە. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی فیکرییو ڕێکخراوەیی، بوونی درێژخایەنی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، کەمایەسیی پێوەندیی ئورگانیک لەگەڵ کۆمەلگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێدەسەڵاتیی سیاسییو ڕێکخراوەییان لە باشووری کوردستان بە بۆنەی پاراستنی بەرژوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو هتد ... بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە ئاستێکی نزمەوە.**

گۆرانکارییەکانی پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتییو وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئوروپادا، پێکهاتنی دەیان دەوڵەتی تازەی سەربەخۆ و بێباوەریی بە چارەسەربوونی مەسەلەی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەشکردوە، پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خەبات بۆ سەربەخۆیی تەواو یان گەیشتن بە خودموختاریی سیاسیی– ئابووریی لە چوارچێوەی ئێراقدا بوو، بوو بە هۆی وروژاندنەوەی هەستی سەربەخۆییخوازیی لە نێوان بەشیک لە ڕوناکبیرانی کورد و پێکهاتنی چەندین حیزبو ڕێکخراوەی سەربەخوییخوازی کوردی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە. لە حیزبگەلێک وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ئامانجی سوسیالیسمو سوسیالیسمی دیموکراتیک جێگای خۆی بە وەدیهێنانی مافی دیارییکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵ– دا، بەڵام لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی سوسیالیستیی وەکو ئامانجی دوارۆژی ئەم حیزبە هەر لە جێخۆی مایەوە. لەم سەردەمەدا بە پێی زۆربوونی ڕێژەی حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات داواکاریی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پانتایەکی بەرفراوانتری لە کۆنفدرالیسمی دێموکراتیک کە سەرەرای قەبەبوونی دروشمەکە، ویستێکە لە ئاستی ماڤی شاروەندیی هەتا خودموختاریی– فیدراڵخوازییو سەربەخۆیی لەخۆی گرتووە. زۆرینەی حیزبو کەسایەتییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بەهۆی هاودەنگیی لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچیوەی ئێرانێکی فیدراڵو دێموکراتیک، دانی دروشمی سەربەخۆیی بە دروشمێکی گونجاو نازانن. دروشمی سەرەکیی چەند حیزبێکی کوردستانیی وەکو پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستانو پارتی سەربەستیی کوردستان کە لە تاراوگەدا پێکهاتوون سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. سەرەرای ئەوەی کە تەواوی ئەم حیزبانە لەسەر کێشەی کوردو خەبات بۆ وەدیهێنانی ماڤی دیارییکردنی چارەنووسی کورد هاودەنگنو لە ڕێگای ئازادیی کوردستان گەلێک قوربانیی‌یان داوە بەڵام لەسەر دروشمی ستراتێژیکی خۆیان ناتەبان. حیزبەکانی فیدراڵییخواز یان سەربەخۆییخوازیش نەیانتوانیوە تا ئێستا بەرەی هاوبەش لە نێو هاوبیرانی خۆیان پێکبێننو بە پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی هەوڵ بۆ ماڤی کوردی ڕۆژهەڵات بدەن. جیابوونەوەو لێکدابران لە نێو حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ڕەوتێکی ئاساییو بەرژوەندی تاکەکەسی، گرووپی ئەم حیزبانە بەرژوەندیی نەتەوەیی خستووتە پەراوێزوە. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی فیکرییو ڕێکخراوەیی، بوونی درێژخایەنی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، کەمایەسیی پێوەندیی ئورگانیک لەگەڵ کۆمەلگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێدەسەڵاتیی سیاسییو ڕێکخراوەییان لە باشووری کوردستان بە بۆنەی پاراستنی بەرژوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو هتد ... بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە ئاستێکی نزمەوە. پارتە سەربەخۆییخوازەکانیش چ لە باری فیکرییەوەو چ لە ئاستی کاری عەمەلییەوە کاردانەوەیەکی وەهایان نەبووە، تەنیا لە چوارچێوەی دانی دروشمی سەربەخۆیی قەتیس ماونەتەوەو هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لێکدانەوەیەکی وەها لەسەر چۆنییەتی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێوەی جەماوەرییکردنی ئەم دروشمەو خەبات بۆ گەیشتن بە ماڤی سەربەخۆیی کورد بکەن. ئەوانیش سەرەرای ڕەخنەی زۆر لە ناچالاکیی حیزبە کلاسیکەکانی کورد بۆخۆیان تووشی هەر ئەو قەیرانەن کە حیزبەکانیتریان پێ تاوانبار دەکەن.

لەم هەلومەرجە سیاسییدا بلێی کوردو نوێنەرانی ڕەنگاورەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەعامله سیاسییەکانیان لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی بە نێو فیدراڵییخوازی ئێرانی یاخود تەنانەت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی ئێران کە بەشێکیان هەوڵی بۆ دەدەن، دەنگێکی وەها بە هێز بن کە بتوانن مەسەلەی کوردی پێ چارەسەر بکەن؟!

.........

**بە پێی بارودۆخو بنەماکانی ماددییو مەعنەویی کوردستان، دەکرێ شێوەکانی خەبات دژ بە ستەمی نەتەوەیی بەم چەشنە دابەش بکرێن:**

_ خەبات بۆ ماڤی شاروەندیی و خودموختاریی فەرهەنگیی.

_ خەبات بۆ خودموختاریی سیاسیی، ئابووریی لەو وڵاتێکی فیدراڵدا.

_ خەبات بۆ سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان بە جیاجیا.

_ خەبات بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان.

هەڵبژاردنی هەر کام لە خاڵەکانی سەرەوە پێوەندیی هەیە بە:

_ ڕادەو ئاستی ئاگایی نەتەوەیی کورد کە وەکو بەشێک لە ژیانو فەرهەنگی کۆمەڵگا پێکهێنەری هەستو سۆزێکی تایبەتیی بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەییە.

_ ڕادەی توانایی حیزبەکوردستانییەکان بۆ جەماوەرییکردن، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی خەڵک لە دەوری دروشمەکانیان، بە تایبەتیی لە دەرەوەی بەشی موکریان، لە کرماشانەوە هەتا ئیلام، مێهرانو دێهلۆران کە لەباری ئایینییەوە شیعەن و مێژووی کاری حیزبەکوردستانییەکان لەوێ گەلێک ئەستەم بووە.

_ هاوسەنگیی هێزی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەردا.

_ مسۆگەرکردنی پشتیوانیی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا لە خەباتی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی هەتا ئاستی جیابوونە، پێکهێنانی کیانو سەروەریی کورد.

لێرەدا بە پێی مەرجەکانی سەرەوە بۆ هەڵبژاردنی دروشمی ستراتێژیکو تاکتیکیی هەر حیزبێک ئەم پرسیارانە دێتە پێش:

- لەنەبوونی حیزب یاخود پێکهاتەیەکی بەهێز کە کاریگەریی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەبێ، چۆن دەکرێ کورد وڵاتە لەیەکجیاکراوەکانی یەک بخاتو کوردستانی گەورە و سەربەخۆ پێکبێنێ؟
- کاتێک لەبەشە لەیەک دابراوەکانی کوردستانیش هێزەێکی وەها نییە کە بتوانێ ئەم دروشمە بکاتە گشتییو ڕێبەریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەدەستەوە بگرێ دانی دروشمی سەربەخۆیی تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەو بەشانە هاوئاهەنگیی هەیە؟
- لەم حاڵەتەدا داخوا بلێی دروشمی سەرەکیی یەکگرتنەوەی چوار بەشی کوردستان گونجاوبێ؟ یاخود باشترە کوردی هەربەشێکی کوردستان هەوڵ بدا تا ئەو بەشە ئازاد بکاتو پاشان بە پێی هەلومەرجی ناوچەو ئازادکرانی هەر چواربەش، کوردستانی گەورەو سەربەخۆ پێک بێنن؟
- یاخود باشترە کوردەکانی هەر وڵات بە پێی نەبوونی هەلومەرجی پێویست لەو وڵاتانەی کە تێدادەژین، تەنیا بۆ گەیشتن بە ماڤی شاروەندیو خودموختاریی فەرهەنگیی خەبات بکەن؟ یان ئامانجو دروشمی تاکتیکیو ستراتێژیکییان پێکهێنانی وڵاتێکی فیدراڵ و دێموکراتیک بێ؟
- بلێی خودموختاریی سیاسیی، ئابووریی لە ئێرانێکی فیدراڵدا وەکو قۆناخێک نەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی و لەم پێناوەدا باشتر نییە فیدراڵیسم ببێتە دروشمی تاکتیکییو سەربەخۆیی دروشمی ستراتێژیک؟

ئەگەر بیرۆکەی ماڤی شاروەندیو خودموختاریی فەرهەنگیی وەلانێن، لەوەدەچێ دوو بۆچوونی سەرەکی لە نێوان ڕووناکبیرانی کورد ببیندرێ:

**یەکەم:** لەم سەردەمەدا دروشمی سەرەکیی گەیشتن بە وڵاتێکی فیدراڵە، بەڵام ئەگەر مافی کورد لەم چوارچێوەیەدا مسۆگەر نەکرێ، ئەوە ماڤی کوردە داوای جیابوونە بکات. زۆربەی حیزبو ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەم بیرەن، ماڤی چارەنووسی کوردو تەنانەت سەربەخۆیی بە ماڤی کورد دەزانن بەڵام ئێستا بە پێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەمرۆ دانی ئەم دروشمە بە گونجاوی نازانن. بە پێێ بۆچوونێک، بۆ گەیشتن بە سەربەرخۆیی پێویستە بە پێی هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستانو جیهان، لاسەنگیی هیزی کوردو دەوڵەتەکان، بوونی زۆرینەی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، دوور بوونیان لە کۆمەڵگای کوردیی، نزمبوونی ئاستی ئاگایی نەتەوەییو بیری سەربەخۆییخوازیی، نزمبوونی ئاستی گەشەسەندنی بنەمای ئابوورییو کۆمەڵایەتیی — سیاسیی کوردستان، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاواتە دەبێ لە کاناڵی فیدرالیسمەوە بۆی بچین. فیدراڵیسم بە پێی کۆتایی هێنان بە نەخشی ناوەندو بەهێزکردنی ڕۆڵی نەتەوەکان لە کارو باری ژیانی خۆیان، دیارییکردنی سنووری جوغرافیایی — مێژوویی، پێکهێنانی ستروکتوری دەوڵەتی کوردیی دەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئەم باوەرە فیدراڵیسم ئەو دەرفەتە پێکدێنی کە کورد پەیتا پەیتا بە خەرجێکی کەمتر ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ئاواتی دێرینە خۆی — یانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانو سەروەریی خۆی ببرێ. بۆ وێنە ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمی ڕوخانی یەکیەتیی سۆڤییەتن نموونەیەک لەو حاڵەتەن. پێکهاتنی کۆمارەکانی سوسیالیستیی لە یەکیەتیی سۆڤییەتیی پاش شۆڕشی ئوکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧ی زایینیی بوو بە هۆی بە نەتەوەبوونو پێکهاتنی دەزگاو سیستێمی دەوڵەتیی ئەو گەلانەی کە لە کاتی تێزاردا لە ژێر زوڵم و زۆری دەوڵەتی ڕووسیەدا بوون. بە ڕوخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی ئەم کۆمارانە بە پێی هەبوونی بنەمای پێویست بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ، هەر کامیان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێنا و ڕایانگەیاند.

لێرەدا چەند پرسیار سەبارەت بەم چەشنە چارەسەرکردنەی کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا دێتە پێش:

_ بلێی هێزە فیدراڵییخوازەکانی ئێرانی دابەشکردنی سیستمی دەسەڵات بە پێی جوغرافیایی — مێژووییە قەبووڵ بکەن؟

_ داخوا ئەم هەموو دانیشتنو کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ نوێنەرانی جۆراوجۆری بە ناو دێموکراتو چەپی ئێرانیی تا ئێستا توانیوێتی بیرورای ئەوان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕابکێشێ؟

_ بلێی بەشوێن ئەم بیرەوە چوون لە حاڵێکدا بواری پێویست لە نێو ئێرانییەکان بە شێوەیەکی جیدی بۆ قەبووڵی تەنانەت هەبوونی نەتەوەکان (میللەت) لە ئێران نییە و تەواویەتخوازی ئێرانی هەر بە چاوی جیاییخواز تەماشای کورد دەکەن، بە فیرۆدانی کات و هێزی کورد نەبێ؟

_ کاتێک لە بەرنامەی بەشێک لە حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی خەبات بۆ کومەڵگایەکی سوسیالیستیی یاخود سوسیالیستیی دێموکراتیک وەکو ئامانجی دوارۆژ ئەویش لە وڵاتێکی ئایینیو جیهان سێهەمیی دەکرێ، بۆ نابێ بە ڕاشکاویی باسی ماڤی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییو پێکهێنانی کیانو سەروەریی لە دوارۆژدا بکرێ؟ بێگومان، بوونی مافی جیابوونەوە بە مانای جیابوونەوە نییە بەڵام زەمانەتێکە، ئەگەر دەوڵەتی فیدراڵ مافی گەلی کوردی پێشێلکرد، کوردمافی خۆیەتی هەتا ڕێگای خۆی بە پێی یاسا لەم دەوڵەتە جیا کاتەوە.

**دووهەم:** سەربەخۆیی وەکو دروشمی ستراتێژیکیی و تاکتیکیی تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. بەپێی ئەم باوەرە هەر چەشنە بیرێکی فیدراڵییخوازیی دەتوانێ کۆسپێک بێ لە سەر ڕێگای گەیشتن بۆ پێکهێنانی کیانی نەتەوەییو سەربەخۆیی کورد. بەپێی ئەو ئاڵوگۆرانەی کە لە ئاستی ناوچەو جیهان لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێکهاتووە کاتی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی کورد گەیشتووە و دەبێ داوای سەربەخۆیی بکردرێ. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە پێش:

_ ئێستا پتر لە دوو دەیەیە لە وڵاتی دوو نەتەوەیی ئێراقدا حکوومەتی نیوەسەربەخۆی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە. ئەم حکوومەتە سترۆکتوری دەوڵەتییو هێزی گەورەی پێشمەرگەی هەیە، بەڵام سەرەرای ویستیی زۆرینەی خەڵک بۆچی هەتا ئێستا داوای سەربەخۆیی نەکردوە؟

_ لە بەراوەرد لەگەڵ ئەوان، کاتێک کوردی

ل ٨

**لە سەرتاوە هەتا کۆتایی مەنشور مافی شارەوەندی هەروەک پێشتریش ئیشارەی پێکراوە لە هەر بەرگەیەکدا کە مافێکی داوە بەربەستکی شەرعیو یاسایی لە بەر دەم داناوەو هەر لەبەشی یەکەمی مەنشور کە لە ژێر عینوانی ڕێکاری گشتیدا نوسراوەو لە ٦ مادە پێک هاتووە لە هەموو مادەکان تأکید دەکاتەوە کە ئەو مەنشورە لە ژێر ڕێنوێنییو ڕووناکی دینی ئیسلام و یاسای بنەرەتی ئیران ئەو یاسا وریسایانەی کە کۆماری ئیسلامی کاریان پێ دەکا، دارێژراوە**



عومەر باڵەکی

# تیڕوانینێک لە مەنشوور مافی شاروەندی «روحانی»

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی راپۆرتی کاری سەد ڕۆژەی دەوڵەت لە لایەن روحانییەوە یەکەم مەنشووری مافی شاروەندی کە پێش هەڵبژاردنی بە سەرکۆماری وەعدەی بە خەڵک دابوو بڵاو بووە بۆئەوەی بخرێتە بەر روانگەی خەڵکو داوا کرابوو کە لە ڕێگای سایتی دەوڵەت بۆچوونو روانگەی خەڵک لە سەر مەنشوور وەربگرنەوە.

لەیەکەم خوێندنەوەو چاوپێدا خشاندن‌دا بە مەنشوور بۆمان دەردەکەوێ بێجگە لەوە زۆر دوورو درێژە بە جۆرێک دووپات کردنەوەی کۆمەڵێک مادەو برگەو ئەسڵی قانوونی ئەساسیین کە نووسەر یان نووسەرانی مەنشوور هەوڵیان داوە بە وشەی جوانو خەڵکپەسەند بیانڕازێننەوەو لە هەمان حاڵدا بەستنەوەی زۆربەی مادە پێشنیارییەکان بە قانوونی بەرکارو یا باڵادەست کردنی قانوونەکان بەسەر مافی شاروەندیدا بە واتایەکیتر لە هەر مادەیەکی مەنشووردا ئەگەر مافێکی داوە بە هاووڵاتیتر دەست بەربەستێکی قانوونی بۆ دروست کردوە و ناڕوونی پێگەو جێگای مەنشور لە روانگەی یاساییەوە بەهێزترین ڕەخنەیە کە لە منشوور روحانی دەگیرێ.

کە باس لە مافی شاروەندی دەکرێ لە بیروڕای گشتیدا تەڕدەست بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ وێنا دەبێ، بەڵام ئەوەی لە ناوەرۆکی مەنشووری ئاغای روحانیدا دەردەکەوێ نە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ ڕەنگی داوەتەوەو لە هەمان حاڵدا ئەو مافو ئازادییە نیە کە خەڵکی ئێران بە گشتیو تێکۆشەرانی دێموکراسیو ئازادی بەتایبەتی ماوەی ٣٤ساڵە خەباتی بۆدەکەنو لە پێناویدا خوێنو قوربانی بۆ دەدەن.

پشتبەستنی مەنشوور بە پێکهاتەی ئەو یاساو ریسایە کە خۆی لە بنەڕەت را پێشێلکردنی مافی مرۆڤە ناتوانێ ئەو ئامانجە کە هەیەتی وەدی بێنێ چونکە ئەو یاساو ڕێسایانە خۆیان پڕن لە نادادپەروەری هەربۆیە پشتبەستن بە یاسایەکی وا ناتوانێ دادپەروەری دابین بکرێو ئەوە بەتەواویەتی مەنشوورەوە دیارە چونکە تاکید دەکاتەوە هەمووکردارێکو بەڕێوەچوونی عەمەلێک دەبێ لە چوارچێوەی یاسای ئیسلامیدا بێو کە دەگوترێ یاسای ئیسلامی مەبەست لە مەزهەبی شێعەی ١٢ ئیمامییە چونکە بە پێی ئەسڵی ١٢ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دینی ڕەسمی لە ئێراندا ئیسلامەو مەزهەبی ڕەسمی شیعەی ١٢ ئیمامییەو لە زۆربەی بەرگە قانونییەکاندا تاکید دەکاتەوە کە نابێ بەڕێوەچوونی یاساکان دژایەتی لەگەڵ مەزهەبی ڕەسمی وڵاتدا هەبێو تەنانەت هەر لە مەنشووردا لەو جێگایە کە باس لە مافو ئازادییەکان دەکاو دەڵێ نابێ جیاوازی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا ببێ بەڵام لە عەمەلدا وا نیەو بە ناوی یاساکانی دینو مەزهەبەوە ڕۆژانە دەیان جار پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەلایەن داموو دەزگای ئیجرایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلانی ئێران دەکرێ وەک جیاوازی دانان لە پاراستنی مافی شارومەندی لە نێوان ژنو پیاو یا کەسێکی بە ئایین ئیسلام لەگەڵ غەیرە ئیسلامو دەیان هەڵاواردنی دیکە بۆ نموونە: لە یاسای بنەڕەتی ئێران لە ئەسڵی ٢١دا سەبارەت بە مافی ژنان بەو شێوەیە باس دەکا: «دەوڵەت لە سەریەتی مافی ژن بە لەبەرجاوگرتنی پێوەرەکانی ئیسلام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بپارێزێ و لە درێژەدا دەڵێ دەوڵەت دەبێ ئەوانەی خوارەوە کە لە ٥ خاڵدا دەستنیشانی کردوون بەڕێوەبەری کە لەو ٥ خاڵەدا زۆرتر مافی ژنانی لە چوارچێوەی ماڵو ئەرکی دایکایەتیدا پێناسە کردووەو لە مەنشوور مافی شارومەندی رووحانیشدا سەبارەت بە مافی ژنان هەر دووپات کردنەوەی ئەو ئەسڵەیە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئەوەتا لە مادەی ٣/٩٩ی مەنشووردا دەڵێ: «دەوڵەت لە سەریەتی مافی ژنان لە تەواوی بوارەکاندا بە سەرنجدان بە پێوەرە یاساییەکان لە تەواوی شێوەکاندا وەک سوودمەندبوون لە بەستێنی لەبار بۆ گەشەکردنی کەسایەتیو زیندوو کردنەوەی مافی مادیو مەعنەوەیەو پارێزگاری لە دایکان... و هەروەها بەخشینی مافی سەرپەرستی منداڵەکان بە دایکانی شایستە لە کاتی نەبوونی سەرپەرستی شەرعی لەبەرچاو بگرێ. هەروەک دەبینین لە هەردوو دەقدا ژن وەک مرۆڤێک کە خاوەنی مافی خۆی بێ لەبەرچاو نەگیراوە بەڵکوو زیاتر تاکید لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ژن ئەرکی دایکایەتی خۆی دەبێ بەجێ بگەیەنێو دەوڵەت لە سەریەتی ئەو زەمینەو بەستێنە خۆش بکا.

مەنشوور بە پشت بەستن بە بەشی سێهەم لە یاسای بنەڕەتی ئێران کە لە ئەسڵی ١٩ هەتا ٥٥ لە خۆدەگرێ باسی لە گرینگترین مافی شارومەندی لە بەشی دووهەمدا کردوە کە لە دوو مادده پێک هاتووەو ١٤١ خاڵ لە خۆ دەگرێو بە یەک چاوپێداخشاندندا بۆت دەردەکەوێ کە ئەو بەشە دووپات کردنەوەی ئەو ئەسڵانەیە کە لە بەشی سێهەمی یاسای بنەڕەتی ئێران داهاتوون. هەر بۆیە مەنشوور بۆ پاراستنی مافی شارومەندی ناتوانێ شتێک لەوە زیاتر بکا لەوەی هەتا ئێستا کراوە، چونکە لەلایەک خودی دەسەڵاتداران باوەڕیان بە پاراستنی مافی مرۆڤ نیە بەو شێوەیە کە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ داهاتووەو لەلایەکی دیکەشەوە دەقە یاساییەکان بە جۆرێک دارێژراون کە پاراستنی مافی مرۆڤو شارومەندی بەرتەسک کردۆتەوە بە پاراستنی پێوەرەکانی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی. ئەوەتا لە ئەسڵی ١٩ بنەرەتی ئیراندا دەڵێ: خەڵکی ئێران لە هەرقەوەم و تیرەیەک بن مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ و تیرە، زمان و شتی لەو بابەتە نابێتە هۆی ئیمتیاز» دەوڵەت لە سەریەتی ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بە تایبەتی لە ڕێگای نووسینو بەڕێوەبردنی بەرنامەی چاکسازیو پەرە پێدانی سیستمی ماف پەروەری بە مەبەستی بە کردارکردنو بەڕێوەچونی ئەو مافو ئازادییە گشتییانە کە لە یاسای بنەرەتی ئیرانو قانوونە عادیەکاندا پێش بینی کراوەن»

ئەگەر هەڵوێستەیەکی کورت بکەین تەنیا لەسەر ئەسڵی ١٩و یاسای بنەڕەتی ئێران مادەی ٣ مەنشوور شاروومەندی کە لەسەرەوە ئیشارەیان پێکراوە دەبینین لە ئەسڵی ١٩ دا یاسا دانەر بەئانقەست یا بە پێی باوەڕەکانی خۆی دوو پێکهاتەی بنەرەتی کۆمەڵگای ئێرانی لەبیر کردووە ئەوەیش ژنو ئایین (مەزهەبی یائید لۆژیک) چونکە کاتێک باس لە ڕەنگو تیرەو زمان دەکا باس لە جۆری ڕەگەز یا جیاوەزی باوەڕو ئەندێشە ناکاو لە مەنشور مافی شەرەوەندیشدا لە کۆتایی مادەی ٣دا دەڵێ ئەو مافو ئازادیانەی کە لە یاسای بنەرەتی ئیراندا پێش‌بینی کراون دەوڵەت لەسەریەتی کاریان بۆ بکاو زەمینەی لەباریان بۆ پێک بێنێ.

لە سەرتاوە هەتا کۆتایی مەنشور مافی شارەوەندی هەروەک پێشتریش ئیشارەی پێکراوە لە هەر بەرگەیەکدا کە مافێکی داوە بەربەستکی شەرعیو یاسایی لە بەر دەم داناوەو هەر لەبەشی یەکەمی مەنشور کە لە ژێر عینوانی ڕێکاری گشتیدا نوسراوەو لە ٦ مادە پێک هاتووە لە هەموو مادەکان تاکید دەکاتەوە کە ئەو مەنشورە لە ژێر ڕێنوێنییو ڕووناکی دینی ئیسلام و یاسای بنەرەتی ئیران ئەو یاسا وریسایانەی کە کۆماری ئیسلامی کاریان پێ دەکا، دارێژراوە و دەوڵەت لە سەرێتی ئەو مەنشوورەوە مافی شارەوەندی گەلانی ئێران لە چواچیوەی ئەو یاسایانەدا بپارێزێ. کە دەبینین لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردوو دا تەواوی ئێعدامەکان، سەنگسارەکان، قەساسەکان و لەبەرچاونەگرتنی مافی کەمە نەتەوەکان بە پێی ئەو یاسایانەی کە مەنشوور پشتی پێ دەبەستی، بەڕێوە چوون.

ئەگەر مافی شارەوەندی تەنیا بۆ تاقمەو دەستەیەکی دیاری کراو نووسرابێ و نەتەوەکانی دیکە جگە لە فارسەکان و باوەر دارانی ئایینو ئایینزاکانی دیکە وەک شارەوەند خۆی تێدا نەبینێتەوە نابێتە پاڵپشتێکی بەهێزو یاسایی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە ئاغای روحانی کە ئێستا پۆستی سەرکۆماری ئێرانی بەدەستەوەیە باش دەزانێ کە بەحوکمی مادەی ٩ لە یاسای مەدەنی ئێران هەر دوو ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ «بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤو پەیماننامەی مافی سیاسیو مەدەنی» دەبن بە بەشێک لە یاساکانی نێوخۆی ئێرانو تەواوی دەزگاکانی ئیجراییو قەزایی لە سەریانە کە ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتنامانە بەڕێوەبەرن، بەڕێوەبردنی ناوەرۆکی ئەو دوو ڕێکەوتننامەیە تەنیا پابەندی بۆ ئێران لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا دروست ناکا بەڵکوو پابەندی دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر پاراستنی مافی شاروەندی تاکەکانی کۆمەڵگای ئیراندا دەست نیشان دەکاو ئەگەر دەوڵەتو سەرکۆمار غەمی زیندوو کردنەوەی مافی شاروەندیان هەیە پێویست بە نووسینی مەنشور ناکا بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە دەوڵەت رابگەیەنێ کە خۆی پابەند دەکا بە جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەو دوو ڕێکەوتننامەی پاراستنی مافی مرۆڤو ئەگەر ئیرادەی سیاسی لە پشت بێ لە روانگەی حوقووقی و یاساییەوە هیچ کۆسپیک بۆ ئاغای رووحانی دروست ناکا.



**ئەگەر مافی شارەوەندی تەنیا بۆ تاقمەو دەستەیەکی دیاری کراو نووسرابێ و نەتەوەکانی دیکە جگە لە فارسەکان و باوەر دارانی ئایینو ئایینزاکانی دیکە وەک شارەوەند خۆی تێدا نەبینێتەوە نابێتە پاڵپشتێکی بەهێزو یاسایی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.**

---

درێژەی:

## کێشەی کورد و دروشمی سەرەکیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان «گەڵاڵەی مەسەلە»

ڕۆژهەڵات کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی دەژیو تەنانەت لە بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە کرماشانەوە بەرەو دێهلۆران) بیرو هزری نەتەوایەتیی، کاریگەریی حیزبە کوردییەکان، تەنانەت بوونیان لەو بەشانەی کوردستان هەر زۆر ئەستەمە، چۆن دەکرێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازادو سەربەخۆ بکرێ؟

ـ لە لایەکی دیکەوە بڵێێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرەرای ئەم هەموو دەسەڵاتە داوای سەربەخۆیی ناکا و خۆی هەر بە بەشێک لە ئێراقی فیدراڵ دەزانێ نموونەیەکی باش بێ بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بۆ هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی وەکو هەم ستراتێژییو هەم تاکتیک و سەرۆکی هەرێم وەکو ڕەمزی سەرکەوتنی کوردو کۆڵەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە چوارپارچەی کوردستان پێناسە بکرێ؟

ـ بڵێی باشتر نەبێ بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە باسیکرا سەربەخۆییخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیدراڵیسم وەکو قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لەبەرچاو بگرێو نەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەم بیرە؟

### کۆتایی

تەواوی ئەم پرسیارانە جێگای باسو لێکدانەوەن، دەکرێ نوێنەرانی جۆراوجۆری کورد سەبارەت بە شیوەی گەیشتن بە ماڤی کورد لە فیدراڵیسمەوە هەتا سەربەخۆیی کورد بیروڕای جیاوازیان هەبێ. بەڵام مەسەلەی سەرەکیی ئەویە کە ئەوان باوەریان بەوە هەبێ کە مەسەلەی کورد تەنیا بە پێکهێنانی سەروەرییو کیانی خۆی چارەسەر دەکرێو بە ڕاشکاوی پاریزگەری مافی نەتەوەی کورد هەتا ئاستی جیابوونەوە بن. لەم قۆناخەدا کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بە پێی بەرژوەندی ئەو بەشەی کوردستان بۆ گەیشتن بە ماڤی ڕەوای خۆی تێبکۆشێو قۆناخ بە قۆناخ بە پێی هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای کورد ببڕێو سیاسەتی خۆی بە باشوری کوردستانەوە گرێنەدا. سیاسەتی کاربەدەستانی باشور بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان زۆرجار لەگەڵ بەرژوەندی پارچەکانی دیکەی کوردستانو بە تایبەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبایە. ئەوە مافی کوردی باشورە کە بە پێی بەرژوەندیی خۆی سیاسەت بکا، بەڵام ئەم سیاسەتە کاتێک دەکرێ ناوی «نەتەوەیی» لەسەر دانێی کە بەرژوەندی پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەخاتە مەترسییەوە، مافی ئەوانی دیکەی پێشلنەکا، یاریدە بە گەشەسەندنی بزاڤی کورد لە چواربەشی کوردستان بدا و نەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگای ئەوان. بە پێی ئەو بارودۆخەی کە حکوومەتی باشووری کوردستان بە تایبەتیی لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسیو دەوڵەتی ناوەندی لە بەغدای هەیە، هەروەها بە پێی ستروکتوری حیزبەکانو بیرو سیاسەتیان، پتانسیەڵیان بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەرکە نییە، ناتوانن ڕەمزی سەرکەوتنی کوردو کۆڵەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە چوارپارچەی کوردستان بن. کوردی ڕۆژهەڵات حیزبو ڕێکخراوەی جوراوجۆری خۆی هەیە و ئەگەر کۆڵەکەیەکیش بۆ رزگاریی ئەو نەتەوەیە لەو بەشەی کوردستان پێویست بێ،بێگومان هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدەدات. پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆ بە پێی وەزعییەتی خۆیان دانیشتووی باشووری کوردستانو پاساویان بۆ کێشانەوە لە شەری چەکدارییو هتد ... بەرژەوەندی باشووری کوردستانە بۆ خەڵکی لێکدەنەوە کە سنووری بەرژوەندی ئەوان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چیدایە و هەتا کەی ئەم ڕەوتە دەتوانێ ئاوا بچێتە پێش؟ ئەویش لەکاتێکدا برادەرانی باشور بەرژەوەندی ئەوانیان لەبەر چاو نییەو قەدریشیان لێناگرن!

**کۆماری ئیسلامی وا ترسی لە پیریی کۆمەڵگەی ئێران هەیە و لە جیاتی ئاوا بەپەلە ئەم بڕیارە بدا، ئایا بیری لە ژیانی ئەو هەموو منداڵە ڕەشورووتەی سەرشەقامەکان کردباوە باشتر نەبوو؟ ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ زۆر قەیران و مەسائیلی کۆمەڵایەتی دەستو پەنجە نەرم دەکا، وەک بێکاری، هەژاری، فەساد، ئێعتیاد، قاچاغی مادەی هۆشبەر، دزی، هەزینەی زۆری داودەرمان و دوکتورو.... ئایا باشتر نەبوو جارێ چارەیەک بۆ ئەم گرفتانە ببینێتەوە تاکوو خەڵک بەبێ نیگەرانی لە داهاتووی منداڵێک بڕوانن کە دەیهێننە سەر دنیا؟!**

# سیاسەتی «نوێ»ی کۆنەخوازان!



**کویستان فتوحی**

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی: «بچە کمتر زندگی بهتر» «منداڵی کەمتر ژیان باشتر»! پەشیمان بوونەوە. دروشمی تازەیان ئەمەیە: «فرزند بیشتر، زندگی شادتر» (منداڵی زۆرتر، ژیان شادتر)! بەڵێ ئەمە دروشمی تازە و سیاسەتی نوێی دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامییە.

بە قسەی بەرپرسانی ئێران، بەپێی ئەو لێکدانەوانە کە لە سەر ڕێژەی حەشیمەتی ئێران کراون نیشاندراوە، کۆمەڵگەی ئێران بەرەو پیری هەنگاو دەنێ. دەگوترێ تا ساڵی ١٤١٠ دەچێتە مەرحەلەی یەکەمی پیرییەوە. ئەو نیشانانە بۆتە هۆی ئەوە سیاسەتداڕێژەران و بڕیاربەدەستانی وڵات بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە زۆر بەپەلە هێندێک هەنگاوی بەپەلە بۆ ڕێگرتن لە پیربوونی کۆمەڵگەی ئێران هەڵێننەوە، وەک: دەرمان و کۆنترۆڵی ژن هەر لە سەرەتای دووگیانیدا تاکوو دووساڵی دایک و منداڵ بە خۆڕایی، زیادبوونی مەرەخەسی زایمان لە ٦ مانگەوە بۆ ٩ مانگ و مەرەخەسی ٢١ مانگ بۆ دایک بەبێ حوقووق و هەروەها لە گەڵاڵەکەشدا دوو حەوتوو مەرەخەسی زایمان بۆ باوکیش لەبەرچاوگیراوە و کۆمەڵێک ئاسانکاری دیکە.

عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمەکەی بە نیسبەت کۆنترۆڵی ڕێژەی حەشیمەتی وڵات هەیە و درێژەی ئەو سیاسەتەیان لە دەیەی حەفتادا وەک خەتایەک چاو لێدەکا و دەڵێ منیش وەک بەرپرسانی دیکەی وڵات لەو خەتایەدا شەریکم و دەبێ داوای لێبوردن لە خودا بکەین.

بۆ پاشگەزبوونەوە لە سیاسەتی کۆنترۆڵی حەشیمەت، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە مانگی گەلاوێژدا دەستووراتێکی دەرکرد و پاشان وەزارەتی بێهداشت هەموو ئەو بڕیارانەی پێشووی لە پێوەندیی لەگەڵ کۆنترۆڵی حەشیمەتدا بێ ئێعتبار زانی و مەجلیسی شوورای ئیسلامییش گەڵاڵەی «تنظیم خانوادە»ی کە چەندین ساڵ بوو کاری فەرهەنگیشی لەپەنادا دەکرا، بەبێ گوێدانە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم بڕیارە نوێیەیان، هەڵوەشاندەوە.



کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران لەحاڵی تێپەڕین لە سوننەت بەرەو مۆدێرنیتەیە. بناغەکانی فکری، بیروباوەڕە کلیشەییەکان، شێوەو تایبەتمەندیی ژیان و ڕەفتاری پیاوان و ژنان، هەمووی جیاوازە لەگەڵ بنەماڵەو پێشینیانی خۆیانو تەنانەت جیاوازیی زەق بەدیی دەکرێ. پێوەندیی بنەماڵەیی بەنیسبەت پێشوو لاواز بووە، تاکگەرایی پەرەی سەندوە، ژنان لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و....دا بەشداریی بەرچاویان هەیەو ڕێژەی ژنانی خوێندەوار لە پلەکانی بەرزدا زۆر زیادی کردوە، زۆربوونی خوێندەواری بە ڕێژەی ٩٣٪ە. ١٧,٢٪ حەشیمەتی پیاوان و ١٧,٤٪ حەشیمەتی ژنان پلەی بەرزی خوێندەوارییان هەیە، بەکاربەرانی ئینتەرنێت لە ئێران ١١ میلیۆن و٢٢١ هەزار کەسو دەرسەدی ئەو بنەماڵانەی کامپیوتێریان هەیە ٣٣,٤٪ن. بەکاربەرانی ئینتەرنێت ٣٠٪ن و.... ئەم ئامارانە لە بواری فەرهەنگییەوە دەتوانن شاهیدی گۆڕانێکی قووڵ بن لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

مادام ساختاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، بنەماڵەییو ئابووری گۆڕانی بەسەردا هاتوە، سیاسەتی تازەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت ڕێژەی زۆربوونی حەشیمەت، ناتوانێ بە ئاسانی جێ بگرێو خەڵک پێشوازی لێ بکەن. خەڵک منداڵی نابێ بۆ ئەوەی لەسەر شەقامەکان لەشی ناسکیان لەبەر سەرماو گەرمای تاقەتپرووکێنی سەرشەقامەکانو کوورەخانەکان بژاکێن!

ئێستاش بە هەزاران بنەماڵە لە شارەکان هەن شوێنێکیان نیە بۆ حەوانەوە، بەهەزاران بنەماڵە هەن ئێحتیاجی نانێکن بۆ تێرکردنی سکیان نیانە، بەهەزاران بنەماڵە هەن منداڵی نەخۆشیان هەیە هەزینەی چوونە دوکتوروچارەسەریان نیەو...

کۆماری ئیسلامی وا ترسی لە پیریی کۆمەڵگەی ئێران هەیە و لە جیاتی ئاوا بەپەلە ئەم بڕیارە بدا، ئایا بیری لە ژیانی ئەو هەموو منداڵە ڕەشورووتەی سەرشەقامەکان کردباوە باشتر نەبوو؟ ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ زۆر قەیران و مەسائیلی کۆمەڵایەتی دەستو پەنجە نەرم دەکا، وەک بێکاری، هەژاری، فەساد، ئێعتیاد، قاچاغی مادەی هۆشبەر، دزی، هەزینەی زۆری داودەرمان و دوکتورو.... ئایا باشتر نەبوو جارێ چارەیەک بۆ ئەم گرفتانە ببینێتەوە تاکوو خەڵک بەبێ نیگەرانی لە داهاتووی منداڵێک بڕوانن کە دەیهێننە سەر دنیا؟!

ئێستا ئیدی بیمەی پشتیوانی لە ژنانی دووگیان هیچ کاریگەرییەکی نیە، چونکە بنەماڵە (ژن و پیاو) ئەم هەموو نەگبەتی و ڕۆژڕەشییە بە چاوی خۆیان دەبینن و هەستی پێدەکەن، چۆن دەتوانن منالانی زیاتر بخەنە ئەم ژینگە ناهەموارەوە.

**ئامارەکان لە سایتی رادیۆ «کوچە» وەرگیراون**

# منداڵانی شیناوێ و شینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**ڕێبوار مەعروفزادە**

لە کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی سەرماوەزی ساڵی١٣٩١، سۆبەی قوتابخانەیسەرەتایی کچانەی «انقلاب اسلامی» شیناوێی پیرانشار ئاگری گرتو کارەساتێکی مرۆیی لێکەوتەوە. لە ٣٧ قوتابی کچی ئەو قوتابخانەیە ٢٨یان تووشی سووتانی قورس بوون. ئەو ٢٨ کەسە بۆ نەخۆشخانەی «ئیمام خۆمەینی» ورمێ بەرێ کران کە بە وتەی جەعفەری، جێگری بەرپرسی ئەو نەخۆشخانەیە، ١٢ کەس لەو قوتابیانە بە هۆی قورسی برینەکانیان بۆ نەخۆشخانەی «سینا»ی تەورێز نێردران کە بەداخەوە چوار ڕۆژ دواتر یەکێک لەو قوتابیانە بە ناوی «سەیران یگانە» لەو نەخۆشخانەیە گیانی لە دەست دا.قوتابییەکی دیکەش بە ناوی «سارینا ڕەسوولزادە» لە هەشتی بەفرامباری هەر ئەوساڵەدا گیانی لە دەست دا.بارودۆخی دوازدە کەس لەو قوتابیانە پاش تێپەڕینی زیاتر لە یەکساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا هەروا زۆر خراپەو پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە کە بریتین لە : فەریدە ئومیدوار، ئامین ئەراک، نادیا ساڵح، موبینا پرکەم، ئامین ئیسماعیل پوور، مەهناز محەممەدپوور، سیما شادکام، سیما مورادی، ئارەزوو تاهیر ئابادی، شادی ئیبراهیمیان، ئەسرین مەعروفی و ئەسماعە دەروی.

لە ڕۆژی سێشەممە ٣ی بەفرانبارساڵی ١٣٩٢دا، بنەماڵەی ئەو قوتابیانە لەگەڵ منداڵەکانیان بە هۆی وڵامدەرنەبوونی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی تەندروستی لەهەمبەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری پێویست بۆ ئەو قوتابیانە لە پێش دەفتەری سەرۆک کۆماری ئێران مانیان گرتو توانیان چاویان بە محەممەد ڕەزا نەهاوەندیان، سەرۆکی دەفتەری ڕووحانی، بکەوێ. نەهاوەندیان بەڵێنی داوە کە دەوڵەت یەک میلیارد تمەن بۆ نەشتەرگەری ئەو قوتابیانە بداو ئەو منداڵانە ئێستا لە نەخۆشخانەی «محب» ی تاران چارەسەریان بۆ دەکرێ. ئەوەی جێی تێرامانە ئەوەیە کە لە ماوەی ئەو یەکساڵەدا لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەو منداڵانە چ کراوە، ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد بە نیسبەت ئەو کارەساتە چیان کردوە و ئێستا چ دەتوانن بکەن.

## پۆزیسیۆن و منداڵانی شێناوێ

بە هۆی نارەزایەتی بەشێک لە چالاکانی نێوخۆ و نوێنەرانی پارلمانی ئێران بە نیسبەت سووتانی قوتابیانی شیناوێ، حەمید ڕەزا حاجی بابایی وەزیری پەروەردە دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک داوای لێبوردنی کرد، بەڵام دوای ئامادەبوونی لە پارلمان هەوڵی دا ئەو بابەتە وەک ڕووداوێکی نەخوازراو کە ڕەنگە لە هەر شوێنێکی دیکە ڕوو بدا نیشان بدا. ئەو باسی لەوە کرد کە ئەو خوێندنگەیە ستانداردی پێویستی هەبووە و سەرایدار خولی ڕاهێنانی پێویستی دیوە کە چۆن لە کاتی هەر ڕووداوێکدا هەڵسوکەوت بکاو ئەمنییەتی خوێندنگە بپارێزێ. دیارە ناوی ماموستای ئەو قوتابیانەو سەرایداری قوتابخانەکە تا ئێستاش بە نهێنی ماوەتەوە و ئەوان لەو پێوەندییەدا هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان بە ڕای گشتیو میدیاکان نەداوە.

ئەو منداڵانە پاش تێپەڕینی ٩ مانگ تەنیا دوو نەشتەرگەریان بۆ ئەنجامدراو لەو ماوەیەدا بنەماڵەکانیان بۆ وەرگرتنی بودجەی پێویست بۆ نەشتەرگەری منداڵەکانیان لە ڕێگای نێوان پێرانشار و تاراندا، لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و تەندروستیدا سەرگەردان بوون.

هەروەها بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد لە ٦ مانگی کۆتایی خۆیدا بوو، کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەری نیزام دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ تەمەنی ئەو دەوڵەتە کۆتایی بێ و کێشەکانی نێوان دەوڵەتو دەزگاکانی دیکە کۆتایی بێ. هەر بۆیە بابەتی لە کارلابردنی وەزیری پەروەردەش وەک کارێکی ناپێویستو ناکاریگەر نیشان درا. دیارە هەوڵێکی سیاسی-میدیایی گەورەش هەم لە لایەن کۆماری ئیسلامیو هەمیش لە لایەن میدیای فارسی زمان درا کە ئەو ڕووداوە وەک هەر ڕووداوێکی ناخۆشی دیکە لە خوێندنگەکانی ئێران نیشان بدرێ و ڕەهەندەکانی ئەو کارەساتە بچووک بکاتەوە. بە پێی وتاری حوسێن حوسێن زادە شەش ڕووداوی سووتانی قوتابیان لەدەورانی کۆماری ئسلامی ڕووی داوە، بەڵام سووتانی منداڵانی شیناوێ خراپترین ڕووداوی سووتانی قوتابیان لە مێژووی کۆماری ئیسلامی بووە. چارەسەری ئەو منداڵانە ئێستاش لە باری پزیشکی و حقووقییەوە ناڕوونییەکی زۆری پێوە دیارە و ڕەنگە دەرمانی ئەو قوتابیانە ٣ تا ٥ ساڵ درێژە بکێشێ.

## منداڵانی شیناوێ و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد

بە پێی ئەوەی سووتانی قوتابیانی شیناوێ خراپترین ڕووداو لە خوێندنگەکانی ئێران لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بوو کەوایە پۆتانسیەلێکی زۆی هەبوو بۆ ئەوەی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد کاری لە سەر بکەن. هەرچەند حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراویان دەرکردو لە تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکانیاندا باسی منداڵانی شیناوێیان کرد بەڵام ئەو زانیاریانەی ئەوان نەک تازەتر لە زانیارییەکانی میدیا فارسەکان نەبوو بگرە زۆر جار ئەو زانیارییانە لەوان وەرگیرابوون. هەروەها لە لای هیچ کام لەو حیزبانە بابەتی منداڵانی شیناوێ نەبوو بە بابەتی کاری گرینگ کە گرووپی کاری بۆ دیاری بکەنو بە بەردەوامی زانیاری تازە بە نیسبەت دۆخی ئەو قوتابیانە بڵاو بکەنەوە. لەو ماوەدا کە ئەو قوتابیانە لە ئیسفەهانو تاران بوون کەمترین ڕاپۆرت لەو قوتابیانە لە میدیای کوردیدا بڵاو بۆوە. ئەو کەسانەی هاوکاری ئەو منداڵانەیان کرد لە باری میدیایی پشت گوێ خرانو خۆدی میدیای کوردیش نەیتوانی هوشیاریو ویژدانی نەتەوەیی-مرۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا بهەژێنێ.

لە ڕاستیدا تاکوو ئێستا کەیسی سووتانی منداڵانی شیناوێ زیاتر لە هەر کەیسێکی دیکە نیشانی داوە کە چالاکانی مەدەنیو سیاسی کوردستان توانای خاوەندارێتی کردنی میدیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان نەبووە و نیە. کەیسی زیندانیانی سیاسی زۆر زووتر دەبێتە هەوێنی چالاکی نواندنو ئەو چالاکییەی بە شیوەیەکی ڕوونتر و توندتر مەحکووم بکا و بە واتایەکی دیکە لە ڕەهەندێکی سیاسی ڕوونتر بەهرەمەند بێ زیاتر لە لایەن چالاکانی سیاسی پێشوازی لێدەکرێ.

کەیسی منداڵانی شیناوێ لە باری گرینگییەوە لە کەیسی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی کەمتر نەبوو، بەڵام نیو قاتی ئەو نەبوو بە سووژەی خەبات. ئەو بابەتەش دیوێکی دیکە لە عەقلانییەتی خەباتکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەخا کە لاواز کردن و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێش بەهێز کردنیو بە هاناهاتنی خەڵک دەخا. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زور زیاتر ئاشنایە بە کوشتاری روبوسکی، کە لەودا لە ساڵی ٢٠١١ دا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی مەدنی بە دەستی فرۆکەکانی تورکیە کوژران، ئاشنان بەڵام خەڵکی پارچەکانی دیکە بەڕادەیەکی زۆر کەمتر لەبارەی سووتانی منداڵانی شیناوێ دەزانن. منداڵانی شیناوێ لە ئاگری «ئینقلابی ئیسلامی»دا سووتان و لە کەمتەرخەمی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد درێژە بە ژیان دەدەن.

## دەبێ بۆ منداڵانی شیناوێو کوردستان چ بکەین؟

١.بردنەسەری ئەمنییەت و ستانداردی سەرجەم خوێندنگەکانی کوردستان وەک سووژەیەکی خەبات تەماشا بکەین. ئێمە دەبێ بەو بڕوایە بگەین کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی دەتوانێ بۆ دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ خوێندنی منداڵان هەنگاو هەڵبگرێ. نۆقسانییەکی گەورەیە ئەگەر دایک و باوکانی کورد، مامۆستایانی خوێندنگەکانی کوردستان و سەرجەم ڕێکخراو و چالاکانی مەدەنی نەتوانن چاودێری سەرجەم قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنو لە ڕێگەی گوشارهێنان بۆ دەوڵەت یان بە هەوڵی خۆیان کەرەستەو لانیکەمی ستاندارد بۆ خوێندنی مندالانی کورد دابین بکەن.

٢.ئەو چەند میلیۆن کوردەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، ئەو دەیان هەزار ڕۆژهەڵاتییەی لە ئوروپا دەژین، ئەو چەند میلیۆن کوردەی لە باشوورو باکوور دەژین، ئەو دەیان هەزار مرۆڤدوستەی لە ئێرانو جیهاندا دەژین، بە هەر کاممان یەک تمەن دابنێین و چارەسەری دەردی منداڵانی شیناوێ بکەین.



سەرچاوەکان:


١.دانش اوزان شین اباد از دولت احمدی نژاد تا دولت روحانی، سایت افکار نیوز

٣.یکسال بعد از فاجعه شین اباد، واقعیتها از زبان قربانیان- خالد محمدزاده

٤.از دخترک های «شین اباد» چه خبر؟، گزارش سایت حزب الله

٥.کچانی شیناوێ لە شەقامی پاستۆری تاران مانیان گرت، ئاژانسی کوردپا

**پێم وایە بە تێپەڕینی کات رووسیا نادیموکراتیک تر دەبێ. لەم وڵاتەدا دەرەتانی ململانێیەکی ئازاد بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکە نیە. لە رووسیا ئازادیی رادەربڕین نابینینو پرۆسەی ئازادیی زانیاریی چ واتایەکی نیە.**

**ئورووپا بۆ مەبەستەکانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا پێویستی بە بازرگانی هەیە، باشتر وایە کە یەکیەتییەکی گەورەتری هەبێو خەڵکیی زیاتر هان بدا کە بچنە ریزی ئەو یەکیەتییەوە. بەڵام بۆ تەندروستی یەکیەتیی ئورووپا، ئاسانتر ئەوەیە کە بە بچووکی بیهێڵنەوە.**

## فرانسیس فۆکۆیاما:

# رووسیا پێی باشترە دراوسێیەکانی ئۆتۆریتەخواز بن

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: مادح ئەحمەدی**

**ئاماژە: زیاتر لە دوو دەیە لەمەوبەر، ئەو کاتەی یەکیەتیی سۆڤیەتو ئابوورییە سوسیالیستییەکەی هەرەسی هێناو لە لایدا بازاڕی ئازاد و دیموکراسی سەرکەوتنی بەرچاویان تۆمار کرد، فرانسیس فۆکۆیاما پێش بینی ئەوەی کرد بوو کە لیبراڵیزم بە سەر ئایدۆلۆژیا رەکابەرەکانیدا زاڵ دەبێ. سەرەڕای ئەمە فۆکۆیاما لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ رادیۆی «ئازاد»ی ئورووپای بلاڕووس ئەوە شی دەکاتەوە کە دیموکراتیزە بوون لە ئورووپای رۆژهەڵاتیی رووسیا بە ئاسانی نایەتە دی.**

**پرسیار: ئێوە کام یەک لە پرۆسەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان لە داهاتووی ئورووپای رۆژهەڵاتو رووسیا بە گرنگترین و چارەنووس سازترین دەزانن؟**

**فۆکۆیاما:** پێم وایە زۆربەی ئەو رووداوانەی کە تا ئێستا روویانداوە ئەرێنی نەبوون. بەم پێیە لەو کاتەوە کە «ڤیلادمیر پوتین» لە رووسیا بووەتە سەرکۆمار بەردەوام خەریکین لە دیموکراسی دوور دەکەوینەوەو من لە سەر ئەو باوەڕەم کە بە تێپەڕینی کات رووسیا نادیموکراتیک تریش دەبێ. لەم وڵاتەدا دەرەتانی ململانێیەکی ئازاد بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکە نییە. لە رووسیا ئازادیی رادەربڕین نابینینو پرۆسەی ئازادیی زانیاریی چ واتایەکی نییە.

«ئۆکرانیا»ش بێ هیوایی لێ دەباری، چونکە من پێم وایە ئەم وڵاتەساڵی ٢٠٠٣ هەلێکی بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی راستەقینە لە دەست دا. بەم حاڵەش لە کاتی دوایین هەڵبژاردن و سەرکەوتنی «ڤیکتۆر یانوکۆڤیچ» لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە، ناوبراو نەیشاردۆتەوە کە هێشتاش غەریزەی ئۆتۆریتەخوازی لە ناخی دایە.

**پرسیار: بۆ زۆربەی وڵاتانی دوای سۆڤیەت (پسا سۆڤیەت) لە بەردەم مەترسی دیکتاتۆری دان؟**

**فۆکۆیاما:** پێم وایە چەند هۆکاری هەیە: یەکەم هۆکاری ئەوەیە تێکۆشان بۆ پێکهێنانی دیموکراسیو پرۆسەی پەڕینەوە بۆ دیموکراسی بێ سەروبەرەییو تێکەو لێکەی زۆری پێوە دیار بووەو پێم وایە هێزە دیموکراتیکەکانیش بۆ خۆیان یەکگرتوو نەبوونو کۆمەڵێک هەڵەیان کردوە. بۆ وێنە لە ئۆکرانیا، هاوپەیمانی پرتەقاڵی لە ناو خۆیدا ناکۆکی تێکەوتو ئەرکی حکوومەت کردنی بە باشی بەڕێوە نەبرد.

سەرەڕای ئەوەش پێم وایە کێشەی سەرەکی، نەبوونی دامەزراوەگەلی بەهێزە لە سەردەمی کۆمۆنیستەکان و یەکیەتیی سۆڤیەتدا. بۆیە حیزبی سیاسی جۆراوجۆر لەوێ سەریان هەڵنەدا، کۆمەڵگایەکی مەدەنیی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا و ئەگەریش بووبێ زۆر لاواز بوو. ئێوە دەوڵەتێکی زۆر سەرکوتکارتان هەبوو، بەڵام توانای خزمەتگوزارییەکی باشی نەبوو و گەندەڵ بوو، بێ یاسا بوو. بەم پێیە ئەگەر دونیای کۆمۆنیزمی پێشوو لەگەڵ ئەمریکای لاتین لە دوو دەیەی ٦٠ و ٧٠ی سەدەی رابردوو بەراورد بکەین کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا بوون جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. دووریش نیە کە لە داهاتوودا شتی وا روو بدا بەڵام پێکهێنانی ئەم دامەزراوەگەلە زۆر ئەستەمە و کاتێکی زۆریشی دەوێ.

**پرسیار: هەڵەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا چ بوون؟**

**فۆکۆیاما:** پێم وایە کۆمەڵێک هەڵە لە سیاسەت و بۆچوونەکانیدا هەبوون. زۆربەی ئەمریکییەکان لە بواری سیاسەتدا، پێیان وابوو، ئەگەر تەنیا لە چنگی دیکتاتۆری رزگار بن ئەوا دیموکراسی راستەقینە وەدی دێ. هەروەها پێم وایە وەک پێویست گرنگی بە پێکهێنانی رێکخراوە دیموکراتیکەکان نەدەدرا.

پێم وایە دەکرا ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا باشتر مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکا، بەتایبەتی لە رۆژانی سەرەتای دەیەی ١٩٩٠دا لە رووسیا دەیتوانی یارمەتی دانانی بناغەیەکی پتەوە بۆ دیمواسی بدا. و لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، پێم وایە زۆربەی رووسەکان بە هۆی پەرەگرتنی ناتۆ و... لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکاندا راوەستان. ئێستا لەم بارەوە ناکۆکی هەیە، چونکە لە ئورووپای رۆژهەڵات ئەوە شتێکە کە تا ئاستێکی زۆر رچاو کرابوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە رووسەکانی لە مەڕ مەبەستەکانی رۆژئاوا و... تووشی دوو دڵی کرد.

**پرسیار: باسی ئەوەتان کرد کە رووسیا خەریکە لە دیموکراسی دوور دەکەوێتەوە. ئەرێ ئەو راستییەش کە رووسیا لە لایەن وڵاتانی ئۆتۆریتەخوازەوە دەورە دراوە و پشتگیریان لێ دەکا، خزمەتی پتەوە کردنی مەیلی ئۆتۆریتەخوازەکان لەم وڵاتەدا دەکا؟**

**فۆکۆیاما:** پێم وایە هەر وایە. بوونی جۆرەها دیموکراسی راستەقینە لە سنوورەکانی رووسیا بە قازانجی ئەو وڵاتە نییە، چونکە کۆمەڵێک سیگناڵی هەڵە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دەنێرێ. بۆیە پێم وایە ئەو ئەگەرە دروستە کە رووسیا پێ باشترە دراوسێیەکانی ئۆتۆریتەخواز بن.

من پێم وایە لە بواری هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی ئازادیی تیجاریو یان فەزای ئابووری و یەکگرتووی ئەو فەزایە، لە رێگای سیاسەتەکانی وزەو لە رێگای گواستنەوە و... هاوکاری نێوان رووسیا ئەم دیکتاتۆرییانە روو لە زیادبوونە.

**پرسیار: ئێستا لە دەرەوە هەموو روانگەکان لە سەر رووسیا چڕ بووەتەوە. ئەرێ ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوە کە رووسیا لە رووی خۆپارێزییەوە بە شێوەی سیستماتیک تر و بە وردبینییەکی زیاترەوە پشتگیری گۆڕانکارییە دیموکراتیکەکان لە وڵاتانی دراوسێی دا بکا؟**

**فۆکۆیاما:** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێک یارمەتی دیاری بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی تەرخان کردوە، بەڵام وەک دەزانن ئەمە کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، هەموو وڵاتان یاسایەکیان دانا کە وەرگرتنی پارەی بۆ گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی قەدەغە کرد. لە وڵاتگەلێکی وەک ئۆکرانیا و جۆرجیا تەنیا رێگا چارە ئەوە بووە کە ببنە ئەندامی ناتۆ. لە بنەمادا پێم وایە دەکرێ ئەمە بیرۆکەیەکی باش بێ.

بەڵام لە کردەوەدا، کارێکی وشیارانە نەبوو، چونکە لە راستیدا ناتۆ پەیمانێکی سەربازییە کە سەرجەم ئەندامانی ناتۆ لە کاتێکدا کە یەکێک لە وڵاتانی ئەندام هێرشی بکرێتە سەر، لە سەریانە بۆ پشتگیری کردنی ئەم وڵاتە بچنە شەڕەوە، و من پێم وایە لە کردەوەدا نەدەکرا هیچ کام لەو وڵاتانە وەک ئەندامیی ناتۆ وەربگیردرێن. یەکیەتیی ئورووپا بابەتێکی جیاوازە، چونکە ئەو یەکیەتییە پەیمانێکی سەربازی نیە.

من پێم وایە کۆمەڵێک کار هەیە کە دەکرا ئورووپاییەکان بۆ هاندانی ئەو دامەزراوانە و بۆ ئەوەی (ئەو دامەزراوانە) رێچکەیەکی دیموکراتتر بگرنە بەر لە سەرجەم ئەو وڵاتگەلەدا (بەتایبەتی ئۆکرانیا) جێبەجێ بکەن. بەڵام لە کۆتاییدا لە سەر ئەو باوەڕم کە کارتەکانی ئورووپا و ئەمریکا لەم بەشە لە جیهاندا سنووردارە.

**پرسیار: بۆ یەکیەتیی ئورووپا داوا لە ئۆکرانیا یان بلاڕووس ناکا کە ببنە ئەندامی ئەم یەکیەتییە؟**

**فۆکۆیاما:** پێم وایە هۆکارەکەی بە تەواوەتی روونە. زۆربەی ئورووپاییەکان پێیان وایە کە ئەو یەکیەتییە بە خێراییەکی ئێجگار زۆرەوە پەرەی سەندووە. رەنگە نەدەبوو یۆنان وەک ئەندام وەربگرن، یان لانی کەم نەدەبوو ئەندامێتیی ئەو وڵاتە لە ناوچەی یۆرۆ پەسەند بکەن. ئێستاش زۆربەی خەڵک پێیان وایە کە بۆلگاریا و رۆمانیا زووتر لەو کاتەی کە دیاری کرابوو وەرگیران، چونکە کاتێک بوون بە ئەندامی ئەم یەکیەتییە، بە هۆی گەندەڵیو کرداری دامەزراوەکانی خۆیانەوە وەدواکەوتن.

بەو بۆنەوە کە ئورووپا بۆ مەبەستەکانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا پێویستی بە بازرگانی هەیە، باشتر وایە کە یەکیەتییەکی گەورەتری هەبێو خەڵکیی زیاتر هان بدا کە بچنە ریزی ئەو یەکیەتییەوە. بەڵام بۆ تەندروستی یەکیەتیی ئورووپا، ئاسانتر ئەوەیە کە بە بچووکی بیهێڵنەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا بەرز راگرتنی ستانداردەکانی ناو یەکیەتییەکە ئاسانترە. بەم پێیە ئەوان دەبێ هاوسەنگیی



لە نێوان ئەم دوو خاڵەدا رابگرن.

**پرسیار: بە ئاماژە بە بۆچوونەکانی بەڕێزتان لەمەڕ رۆڵی توێژی ناوەڕاست لە گۆڕانکارییە دیموکراتیکەکاندا، ئەرێ توێژی ناوەڕاست لەم ناوچەیەدا جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ هاوتا تورکو یان بەرازیلییەکانی خۆیان هەیە؟**

**فۆکۆیاما:** توێژی ناوەڕاست لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا زیاتر وەک یەک دەجووڵنەوە، بۆیە پێم وانییە ئەم توێژە لە بلاڕووس، رووسیا، چین، بەرازیل و تورکیا جیاوازیی بنەڕەتییان هەبێ. پێم وایە ئەو خەڵکەی کە ئاستی خوێندەوارییان بەرزە خاوەن داراییەکی زیاترن، بۆ وێنە خاوەنی خانوویەک، ئۆتۆمبیل و... هتدن. ئەوان لەمەڕ سیاسەت زیاتر نیگەرانن، چونکە بایەخی سامانەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا دێ. بەو حاڵەش ئەم خاڵە زیاتر گرێدراوی ئەزموونە تایبەتەکانی ئەوانە.

خەڵکی زۆر لە توێژی ناوەڕاست لە رووسیا دەژین. ئەو خەڵکە سەردەمی «بوریس یلتسیین» یان لە دەیەی ١٩٩٠ دا ئەزموون کردوەو ئاڵۆزیی ئابووریو لاوازیی دەرەکی ئەو کات وەبیر دێننەوە. ئەوان ئەزموونی تێکەڵکردنی ئەو هەلومەرجە تاڵەیان لەگەڵ دیموکراسی هەیە، بۆیە بەشێکیان وازیان لە پشتگیری کردنی پوتین هێنا.

بەڵام پێم وایە بەڵگەی زۆر لە بەردەست دایە کە نیشان دەدەن لە درێژماوەدا، ئەو کاتەی ئەم بیرەوەرییانە لە بیر بکرێن و خەڵک بتوانن هەست بە سەقامگیری وڵاتەکەیان بکەن و بارودۆخی ئابووری تارادەیەک باش بێ، ئەو کاتە بیر لە بابەتگەلی دیکەی وەک بەشداریی سیاسی، ئازادیی زیاتر، هەڵبژاردەکانی تاک زیاتر هیوا بە ژیان پەیەدا دەکەنو دوای ئەوە ئیدی بە ئاسانی دەوڵەتە ئۆتۆریتەخوازەکان قبووڵ ناکەن.

بەڵام وەک دەزانن ئەم رووداوانە بە شێوەی خۆبەخۆ روو نادەن. وا نیە کە ئێوە لە داهات و خوێندەواریدا خاوەن ئاستێکی دیاری کراو بنو دوای ئەوە بە شێوەی ئۆتۆماتیک ببنە لایەنگری دیموکراسی. کێشەکە زۆر ئاڵۆزترە.

**پرسیار: لەم پێوەندییەدا لە داهاتوودا چین بە چ شێوەیەک کاریگەریی لە سەر ئەم ئاڵوگۆڕانە دەبێ؟**

**فۆکۆیاما:** پێم وایە چینو مۆدێلی چینی لە دە ساڵی داهاتوودا رۆژگەلێکی سەختیان لە بەردەم دایە. چونکە مۆدێلە ئابوورییەکەیان وەک رابردوو بە باشی چالاک نییە. رێژەی گەشە دادەبەزێ. ئێستا توێژی ناوەڕاستی خودی چین زۆرن. سەرەڕای ئەوە ئەوان زۆر پشتیوانی رێژیم بوون، بەڵام پێم وانییە بەم دابەزینە ئابوورییەی ئێستا، ئەم دۆخە زۆر بخایەنێ.

بۆیە پێم وانییە کە لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا چین ئاڵترناتیڤێکی باش بێ بۆ دیموکراسی رۆژئاوا.

**پرسیار: ئێوە لە لێکدانەوەکانتاندا زیاتر گەڕانەوە سەر پوتین و یانکوڤیچ، بەڵام قەت ئاماژەتان بە «لوکاشێنکۆ»، سەرکۆماری بلاڕووس نەکردو ئەمەش باوە. هۆکاری ئەم بابەتە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

**فۆکۆیاما:** بە باوەڕی من هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە رووسیا و ئۆکرانیا بەڕاستیی لە کاتێکی دیاری کراودا هیوایەکی زۆر بۆ پێکهێنانی دیموکراسی هەبوو. بۆیە ئەو کاتەی کە پوتین لە لایەن یلتسینەوە دانرا، زۆربەی خەڵک هیوایان بەوە بوو کە رەنگە ئەم پیاوە بتوانێ ئاڵوگۆڕ لە هەندێ لە جمگەکانی ئەو سیستمە لە رووسیا بکا و دیموکرات بمێنێتەوە. بە هەمان شێوە لە ئۆکرۆانیاش دوای شۆرشی پرتەقاڵی خەڵک هیوایەکی زۆریان هەبوو.

بەڵام بە داخەوە لە بلاڕووس پیاوێک دەسەڵاتی بە دەستەوەیە کە لە کاتی هەرەسهێنانی کۆمۆنیزمەوە، دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بە دەستەوەیە. بۆیە بەردەوام وەک وڵاتێک سەیر دەکرێ کە قەت سەرکەوتنێکی گەورەی وەک ئەوەی لە رووسیا و ئۆکرانیا رووی دا، ئەزموون نەکردوە.

من کۆمەڵێک خوێندکارم هەبوو کە خەڵکی بلاڕووس بوون و لەگەڵ خەڵکی بلاڕووس قسەم کردوە، هەوڵم ئەوە بوو بزانم کە بۆ ئەم وڵاتە رێگایەکی جیاواز لە رێگەی رووسیا و ئۆکرانیای گرتەبەر، بەڵام هێشتا هیچ وەڵامێک دەست نەکەوتووە.

---

سەرچاوە: دیپلۆماسی ئێرانی

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە: ٦٢٣
١٥ی بەفرانباری ١٣٩٢
٥ی ژانویەی ٢٠١٣

هەڵچینی

# سوارە ئیلخانی زادە، شاعیرێک نوێخوازو داهێنەرێکی بیرمەند



عەلی لەیلاخ

به دوای نوێ بوونەوەی شێعر له وڵاتانی دەراوسێی کوردستان بە تایبەت لە تورکیا بە هۆی نزیکتر بوونی بە وڵاتانی ئوورپا، شێعری ئەمرۆیی کە خاوەنی هیندێک تایبەتمەندییە، گەیشتە کوردستانو گەورە شاعیری کورد «مامۆستا گۆران» بوو بە جڵەوکێشی کاروانی ئەم ڕەوتە. گۆران بە شێوەی ژیرانەوزانستی توانی (فۆرم وناوەروکی)کۆنی شێعری کوردی بگوڕێت وببێت بە داهێنەرێکی ناودار لەم بارەوە.

لە ئێرانیش لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە کە گۆڕانکاریی فیکری بەرەبەرە دەستی پێکردو بیرۆکە تازەکانی هزریو ئەدەبی گەیشتە ئێران بە هەوڵ وتەقەلای چەند شاعیرێک نوێ کردنەوەی شێعر دەستی پێکرد هەتا شاعیری بەئەزموونو ناوداری فارس «نیما یوشیج» لە شێعرێک بە ناوی «ئەفسانە« بە رەسمی ئەم شێوە شێعرییەی بە کۆمەڵگەی ئەدەبی ناساند و مانیفستی شێعری نوێی بڵاوکردەوە کە بەرچاوترین تایبەتمەندیی هەمان گورانکاری فۆرمو ناوەروک (محتوا)ی شێعر بوو، یانی خۆ دەربازکردن لە قەوارەو مەفاهیمی ئەدەبی کلاسیک وکۆن. بە دوای نیماو شێعری «نیمایی» سەرەرای بەربەستو لەمپەری زۆر لەسەر رێی ئەم رەوتە تازەیە، توانی جێگەی خۆی لە ئەدەبیاتدا بە باشی بدۆزێتەوەو ببێت بە مەکتەبوقوتابخانەیک بۆ سەرهەڵدانی کەڵە شاعیرانێکی دیکە وەکوو(شاملوو، سوهراب، فرووغ، ئەخەوان سالیس و..) کە هەرکام لە مانە دوایی بوون بە خاوەن شێوازێکتر لە شێعری نوێ. بۆ نموونە دەتوانین بە شێوە شێعری «ئازاد»ی شاملوو یان شێعری (گفتار) ی فرووغ ئاماژە بکەین. هۆی سەرکەوتنی ئەم چەند شاعیرە نوێخوازە دەتوانین لە شارەزاییان لە ئەدەبی کلاسیکی ئێرانو زانستی ئەدەبی بەرۆژ دەستبەر بکەین.

هاوکات لە گەڵ گورانکاریی فیکرییو فۆرمی کە بەسەر شێعری فارسیدا هات، بوو بە هۆی ئەوە کە شاعیری لاوونوێخوازێکی کورد بە ناوی»سوارە« بە کەڵک وەرگرتن لە ئاسانکاریەکانی مامۆستا گۆران لە باشووری کوردستانو وڵاتانی دیکەتوانی درێژە بە ئەمرۆیی کردنەوەی شێعری کوردی بدات لە کوردستانی ئێران (رۆژهەڵات). مەبەست لە ئەمرۆیی کردنی شێعر یانی گیانی تازەو بەرۆژ بەخشین بە شێعر، هەم لە باری زمانی هەم لەباری مەزموونەوە. کەوایە بەکارهێنانی شێعری ئەمرۆیی لە جیاتی شێعری نوێ باشترە هەروەها شێعری دوێنی لە جیاتی شیعری کۆن. چونکە رەنگە شێعرێک قاڵبو تەنانەت زمانی کۆن بێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تازەش بێ.

سوارە ئیلخانی زادە وەک پێشتر گوتمان درێژەی بە رەوتە تازەکەی گۆرانی شاعیرداو توانی بە بێ ئەوەی شێعری کوردی تووشی گێژیو سەرشێواوی بکا، بە پشتیوانی لە خەزینەی بەنرخی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەرەتانێک زیاتر ببخشێت بە شێعری کوردیو خۆی وەکوو شەنگە سوارێک لەم بوارەدا پێناسە بکات و ببێتە داهێنەرێکی سەرکەوتوو لە شێعری سەردەمیانە.

«سوارە« هەر بەوشێوە کە لە ژیانی تاکەکەسی خۆی نەریتی عەشیرەتیی وەلا نا، لە بواری شێعریش سنووری سەختو قوورسی ئەدەبی کلاسیکی بوێرانە بەزاندو ئەدەبیاتێکی دیوانسالاریی کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی پڕاوپڕ بوو لە دووپات بوونەوەی کلیشەیی چ لەباری زمانیو چ لەباری ناوەرۆک، گیانی تازەتری پێ ببخشێتو سەمیمیەتێکی بەرۆژی بەخشی بە شێعری هاوچەرخ. «سوارە«بە هەست کردن بە هەلومەرجی سەردەمی خۆیو بە لەبەرچاوگرتنی ویست ونیازی کۆمەڵگای ئەدەبی، بیرمەندانە دەست ئەداتە نەوژەن کردنەوەیماڵی شێعری کوردیو دەبێتە رووناکبیرێکی پێشکەوتووتر لە سەردەمی خۆی بەڵام هەرگیزا تووشی دابڕان لە کۆمەڵگاو سەردەمی خۆی نابێت و توانی «خەوە بەردینە«بخولقێنێت. کە تائێستاش هەر تازەیەو زۆر لایەنی شێعریو هزریی ئەو پرۆسە شێعرییە جێگای باس ولێکدانەوەیە.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی «سوارە«

-ئاشانایی تەواو لە ئەدەبی کلاسیکی (کوردی/ فارسی) و هەروەها ئەدەبیاتی فۆلکلۆریک

-کەڵگ وەرگرتن لە ئەزموونی مامۆستا گۆرانو هەروەها چەند شاعیری سەرکەوتووی ئێران بەتایبەت فرووغ فەروخزاد.

-بیرمەندانە هەڵسوکەوت کردن لە تەک نوێ کردنەوەی شێعری کوردی







جێگای ئاماژەیە کە یەکەم چرکەکانی هەڵکردنی چرای شێعری ئەمرۆیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆنتر واتە سەردەمی شاعیرانی مەکتەبی ئەدەبی رۆمانسی کوردی شاعیرانێک وەکوو مەولەوەی تاوەگۆزیی کە توانی خۆی لە ژێر ڕکێفی چەندین ساڵەی وەزن و(عروض)ی عەرەبی دەرباز بکاتو شێوە وەزنی رەسەنو کوردیی بڕگەیی یان هەمان (هجایی) بکار بهێنێت. ئەمە یەکەم ترووسکەی شێعری تازەی کوردییە بە تایبەت لە باری فۆرمەوە. هەربۆیە ئەوشاعیرە نوێخوازانەی کە شارەزاییان لە ئەدەبی کلاسیک هەیە، بێگومان سەرکەوتوو ترن کەسانێک وەکوو «بودلێر»ی فەرانسەویی و»نیما»ی فارس و گۆران و سوارەی کوردستانی.

سوارە شارەزایی تەواوی هەبووە بەسەر رەوتومێژووی ئەدەبی فارسو چەندین شێعری سەرکەوتووی هەیە بە زمانی فارسی، کە لە گۆڤارە ناودارەکانی ئەوکات وەکوو گۆڤاری (خوشە، نگین،سخن، فردوسی) چاپ کراون، بەڵام رۆحی حەقیقی و جوهەرەی شێعری سوارە لە شێعرە کوردییەکانی بەرجەستەترە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی شێعر کە زمانی هەستو ئیحساسی زمانی دایکییە.

سوارە لە سەردەمانێکدا ژیاوە کە دنیای دەوروبەری پڕاوپڕبووە لە گورانکارییو سەرهەڵدانو رووداو. بۆ نموونە شۆڕشی سوسیالیستی یەکیەتیی سۆڤیەتو شۆڕشی جۆتیاریی چینو لەسەرەوەی هەموویاندا دامەزرانی یەکەمین جمهوری کوردستان. گشت ئەمانە کاریگەریی لە سەر بیرکردنەوەی ئەو شاعیرە یاخی و بیرمەندە دادەنێو دەبێتە شورشگێرێکی رووناکبیرو دەست بە هۆنینەوە شێعروسرووودی شۆڕشگێرانە دەکا و بە هونەرمدانەترین شێوە دەروست بوونی خۆی لە قاڵبی شێعردا دەسەلمێنێت. سوارە بە کەڵگ وەرگرتنی ژیرانەوهونەرمەندانە لە دووباڵی هونەرو(تعهد) لە ئاسمانی بەرتەسکی وڵاتەکەی خۆی وەکوو «هەڵۆ»یەکی سەرکەشوخاوەن هەڵوێست دەخولێتەوە. شێعرەکانی لێوانلێوە لە جوانیوخەیاڵی ناسک. کاتێک دەچێتە تاران و لە داوویاوی شەوانی غووربەت وەڕەز دەبێ و نۆستالژیایی گوندووڵاتی خۆی وای لێدەکات کە شێعری»شار» لە دایک دەبێت، کە یەکێک لە جوانترین شێعرەی نوێی کوردییەو چەندین قەوارەی جیاجیای هونەریی لە خۆی گرتووتەوە . شێعری «شار»هەم ناسیونالیزمییە، هەم رۆمانسیانە. سوارە بەڕاشکاوی و بەجوانی (اتوماسیون)یان هەمان ماشینیزمی دژە بە خەیاڵ وجوانی وناسکی وهەروەها ناتورالیزمی ئەدەبییانە لەوشێعرە دەخاتە بەر باس کە دەڵێ:

«گوڵم!
دڵم پڕە لە دەردوکۆڵ
ئەڵێم بڕۆم لەشارەکەت..
ئەڵێم؛بەجامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت.
وەڕەز بووە گیانی من لە شارو هاڕە، هاڕی ئەو
لە رۆژی چڵکن و نەخۆش و داوویاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت،
لەشاری چاو لە بەر چرای نیئۆن شەوارەکەت...»

سوارە لەم شێعرە بە باشترین شێوە لە تکنیکەکانی شێعر وەکوو (وەزن وتەسویری خەیاڵاویی و هەروەها قافیەی بەجێگەو دەنگدار، کەڵکی وەرگرتووە)و توانیویەتی تابلۆی شێعرێکی جوان بخولقێنێت کە دەکرێ بڵێین یەک لە شێعرە جوان و هەرمانەکانی شێعری کوردییە.

هەربۆیە جیگای خۆیەتی کە لە٣٨مین ساڵیادی کۆچی ئەم شاعیروداهێنەرە جوانەمەرگە یادی لێبکەین کە بەراستی ئەگەر مەرگ مەجالی بدایە بێ شک ئەدەبوشێعری کوردی بەهرەی زیاتروبەپیت تری لەم بیرمەندە وەردەگرت.

ئەمەش لە بەرچاو بگرین کە زۆر لایەنی شێعری «سوارە« هێشتا بە شاراوی ماوەتەوە کە پێویستە نووسەرانو رەخنەگرانی ئەم بوارە زیاتر ئاوڕی لێ بدەنەوە. بۆ بەرچاو روونی بەخشین بە شاعیرانی ئەم سەردەمە

**من ئەڵێم:**
**هەتا هەتایە دەوری جوانی یە!**

...................................
......

**ژێدەر؛»خەوە بەردینە«/**

## خەونی سەربەخۆیی



مستەفا شێخە

من بەشێکی زۆر لە کارەکانی خۆمم سەربەخۆ دەکرد. هەموو بەیانیان سەربەخۆ دەمو لووتم دەشوشتو نانم دەخواردو جلکەکانم لەبەر دەکرد. لە ژیانی تاکە کەسیدا ئەمەیان ئەوپەڕی سەربەخۆییە. ئەگەر واش نەبێت، خۆ بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بێ ئەملاو ئەولا بەرایی و سەرەتایەکی باشە. من خۆم لەگەڵ ئەم ئەملاوئەولایەش کێشەم هەیە. بە واتایەکیدیکە ئەملا یانی ئەمدیوە و ئەولاش یانی ئەودیو. دەی ئەگەر وا بێت، دوولایەکەی دیکە یانی دوو تەنیشتەکە چی لێبکەین؟

کەوابێت لە جیاتی بێئەملاوئەولا واباشە بێژین بێهەرچوارلا. بەم حاڵ و حەساوە دەڵێم سەربەخۆیی بێ چوارلا کاتو سات و هەوڵ و مەوڵی زۆری گەرەکە. جارێ هەر ئەوەندە زۆرە دوای ئەوەی بەیانیان بەزۆرو یان بە هۆی زەنگی کاتژمێر لەخەو هەڵدەستیو ئەمجارەیان تا دوای خواردنی بەرچاییو نانی بەیانی تەواو سەربەخۆیو پاشان هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی زیاتر بەردەوام دەبن.

دەترسم خوێنەری بەڕێز وا تێبگات باس لە شتی سەیرو سەمەرەی وەک سیاسەت دەکەم. لێتان تێکنەچێت من تەنیا دەستەڵاتی ئەوەم هەیە باس لە سەربەخۆیی خۆم لە ژیانی ئاسایی رۆژانەمدا بکەم. ئەگەر بتوانم سەبەخۆ بخەوم، لە ناو پێخەفەکەدا سەربەخۆ ئەمدیو ئەودیو بکەم، سەربەخۆ لەخەو هەستم و تا ئێوارە سەربەخۆ کارەکانم ئەنجام بدەم، ئەوە دیارە بە ئامانج و ئاواتی لەمێژینەم گەیشتووم.

سەربەخۆیی بۆ کەسانێکی وەک ئێمە زۆر گرنگەو زۆریش خۆشە. ئاخر لەوە خۆشتر هەیە لەماڵەوە بەدڵی خۆت بۆ خوانی نیوەڕۆ لە جیاتی دۆڵمە کاسەیەکی لیپاولیپ ماستاوی پڕ لە قەزوان بخۆی؟ یان لە جیاتی کاتژمێر دوازدەی نیوەشەو، سەعات حەوتی ئێوارە بچیەناو پێخەفو بە کەیفی خۆت رابکشێیو پڕ بەدڵ ئەمدیو ئەودیوی بۆ بکەی؟

لە کاتێکدا بەم رادەیە لە سەربەخۆیی خۆم دوورم، ئەمشەو یانی هەر ئەو شەوەی رابرد، مەبەستم ئەمشەو نا شەوێ دێنێیە. خەونێکی خۆشم دیت. بەیانی لەخەو هەستام ئەم گۆرانیەم بیر کەوتەوە کە دەڵێ:

ئەمشەو نەبوو شەوێ دینێ/ بە خەیاڵ چوومە مەدینێ؟ خزمەت پەریزادەی چینێ.

خۆزگە لەم خەونەدا ئێوەش بۆ چەند چرکەیەک لەگەڵمدا بوایەن. خەونێکی سیاسی. خەونی سیاسی لە هەموو خەونێک خۆشترە. ئەگەر ئەمجارە بتوانم سەبەرخۆ قسە بکەم، دەڵێم سیاسەت هەر بە خەون خۆشە.

لەم خەونە خۆشەی شەوێ دینێمدا هەموو شتێک بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆیشت. چەمو رووبارەکان سەربەخۆ روویان دەکردە دەریاکانو گوێیان بە سەدو بەربەندەکان نەدەدا. کەسەکان بە تەنیشت یەکتردا تێدەپەڕینو کەس حەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. خەڵک لە دەوری رێکخراوی گەورەو بچووک کۆببوونەوە. هیجکام لەو رێکخراو مێکخراوانەش لە ئەملاوئەولاو دوو تەنیشتەکەوە فشاریان بۆ نەدەهات. لەخەو هەستام شەلاڵی ئارەقە بووم. رۆژ درەنگ بوو سەربەخۆیی تاکەکەسیشم لەدەست دا. رۆژ ئەوەندە درەنگ نەمتوانی دەمو لووتم بشۆم و نانی بەیانیەکەم بخۆم. ناچار بووم بە پەلە راکەم و ئەوەندە سەربەخۆیەی بەیانیانیشم لەدەست بدەم. لە دوای ئەم خەونە خۆشە خۆم سەر بە کاری رۆژانەمو کاری رۆژانەم سەر بە حیزب و رێکخراو و حکوومەتە و رێکخراوەکەشم سەربە ئەملاو ئەولاو ئەم تەنیشتو ئەو تەنیشتەو ئەملا و ئەولاو ئەو تەنیشت ئەم تەنیشتیشم سەربە ئەملاوئەولا و ئەوتەنیشتو ئەم تەنیشتی خۆیانو ئەوانیش نازانم سەربەکوێن.

دوای ئەم خەونە، سەربەخۆیی دەم و لووت شوشتن و نانخواردنی بەیانیانم لێ ون بوو لەناو ئەم هەموو سەربەسەرەیەدا ون بوومە نازانم سەربەکوێم.

..............................................................

................................................

.......................................

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 623 5 janu 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# چیاکانی زێدەکەت، بۆزی سینا و دالانپەڕ شانازی بە ڕۆڵەیەکی وەک تۆوە دەکەن!

## (پێشکەش بە نەمر موهەندیس وەجدی حاتەمی)

ڕەحمان جەوشەن

**( بۆ ئەمجاری ئەم ستوونە زۆر سووژەم هەبوو بینووسم، بەڵام سووژەی مەرگی نابەوەختی موهەندیس وەجدیی حاتەمی، گرنگترم نەبوو. هەرچی بۆ خۆشم نووسیبام، نەیدەتوانی وەک ئەم نووسینەی بەڕێز ڕەحمانی جەوشەن، نرخی خۆی بداتێ. بۆیە بە باشم زانی بیکەم بە کوردی لەم ستوونەدا بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی کوردستان)**

قادر وریا

**

هەر نەتەوەیەکو خەڵکێک بۆ پێشکەوتن یا گەیشتن بە هەر ویستو داخوازێکی کۆمەڵایەتیو بەدەستهێنانەوەی مافێکی لە دەستچوو و زەوتکراو، پیویستی بە مرۆڤگەلێکی وشیار، فیداکارو خاوەن کەسایەتیوئیعتیباری کۆمەڵایەتییە. نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە گەڵ ستەمو جەفا بەرەوڕوو بووەو نە تەنیا لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بێبەش بووە، بەڵکوو لە ژێر توندترین گوشار دابووە بۆ ئەوەی تووشی ئاسیمیلاسیۆن بێو واز لە میللییەتی خۆی بێنێ. یەکێک لە شوێنە زۆرهەستیارەکانی ئەمڕۆی کوردستان، شارستانی ورمێیە.

لە سەردەمی شاعەبباسی سەفەویو نادر شای ئەفشارەوە کە کوردەکان بۆ پاراستنی سنوورەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێو ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕاگوێزران، تا دەگاتە ئەم چەند دەیەی دوایی کە ناوی ئازەربایجانی ڕۆژاوایان لە سەر ناوچە کوردنشینەکان داناوە، بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردیو گوشارهێنان بۆ سەرخەڵک بە مەبەستی گۆڕینی شوناسی ئەم ناوچەیەیان داوە. ئەم سیاسەتە بێڕاوەستانو بە بەردەوامی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا بە سپاردنی بەڕێوەبردنی بیئەملاوئەولای ورمێ بە ناکوردەکان و لە پەراوێز خستنی کوردەکانو نەدانی هیچ جۆرە ئیمتیازێکی ئیداریو حکوومەتی پێیانو بە دروستکردنی گوشاری ئەمنییەتیو سیاسی، هەروا درێژەی هەیە.


بەڵام هەمیشە کەسانێک هەبوون کە بە قبووڵکردنی مەترسییەکان و دانی تێچووە ماددیو مەعنەوییەکان، لە بەرامبەر ئەم فیتنە شوومە ڕاوەستاون. موهەندیس حاتەمی یەک لەو مرۆڤانە بووەو دەبێ. ئەندازیار وەجدیی حاتەمی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو بە ناوبانگی کورد لە ئاوایی لۆرزینی ناوچەی مەرگەوەڕ دا، لە دایک بوو. ئەو هەر لە سەرەتای منداڵییەوەو بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی بنەماڵەی حاتەمی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە تایبەتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤دا و ڕۆڵی مەزنانی بنەماڵەی حاتەمی لەم کۆمارەداو دواتر سەرکوتی خوێناویی کۆماری کوردستان کە هەڵقوڵاوی ئاواتو ئارەزووەکانی کوردان بوو، لە گەڵ دەردو ئازارەکانی نەتەوەی کورد ئاشنا بوو و هەر لە سەرەتای میرمنداڵییەوە ڕووی کردە چالاکیی کولتووری. موهەندیس حاتەمی بەو ئاکامە گەیشتبوو کە بۆ یارمەتیدانی نەتەوەکەی خۆی، بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە زانستو وشیاری هەیەو هەر لەم ڕوویەوە خوێندنی بەرزی تەواو کرد. بە هەوڵی موهەندس حاتەمیو یارانی بوو کە بۆ یەکەم جار لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ بڵاڤۆکێک بە ناوی «پەیامی مەرگەوەڕ» بە زمانی کوردی و فارسی بڵاو بۆوە، بەڵام پاش ماوەیەک لە لایەن دوژمنانی ئازادیی نەتەوەی کورد داخرا و ئیجازەنامەی چاپو بڵاوبوونەی لێوەرگیرایەوە. هەوڵەکانی ئەندازیار حاتەمی بۆ یاریدەدانی هاورەگەزەکانی، دریژەی هەبوو و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بە هەوڵدانی ئەو، دامەزراوەی کولتووری هونەریی خانی لە شاری ورمێ دامەزرا.

پیکهاتنی دامەزراوەی خانی لە شاری ورمێ، بە نۆرەی خۆی یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتە مێژووییەکانی خەباتی کوردەکان دژی نایەکسانیو هەروەها لە پێناوی بنیاتنانی پەروەردەی نەسلێکی نوێ لە لاوانی خوێندەواری ئەم دەڤەرەی کوردستان بوو کە بە ئەوینو هۆگری بە کولتووری کوردییەوە، بزووتنەوەیەکی گرنگی ڕۆشنبیریی لە ئاستی پارێزگای ورمێدا وەڕێ خستو ئاکامی پڕ بەرهەمی بۆ بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیی بەدواوە بوو. لەوانەیە ئەگەر بڵێین دامەزراوەی خانی، ڕێنسانسێکی ڕۆشنبیریی لە ورمێدا پێک هێنا، شتێکی دوور لە ڕاستی نیە. چونکە لە سێبەری هەولەکانی ئەم دامەزراوەیەدا بوو کە دەیان کلاسی فێربوونی زمانی کوردیو کولتوورو هونەری کوردی بۆ یەکەم جار لە ئاستی ورمێدا وەڕی کەوتو دەیان لاوی خاوەن خوێندەواریی بەرز وەک مامۆستایانی قوتابخانەی خانی لەم دەڤەرە کەوتنە پەرەپێدان و بەهێزکردنی زمانی کوردیو پاراوی و جوانیی زمانی کوردیو سانایی فێربوونی خوێندنەوەو نووسین بەو زمانەیان بۆ هەموان دەرخست.

هەوڵەکانی ئەندازیار حاتەمی لە بەهیزکردنی گیانی هاوکاری لە نێو لاوانی کوردو هەروەها خۆ دوورراگرتنی لە دەسەڵات! کەسایەتیی پاکو گەورەی وی بۆ هەموان دەرخست. بێگومان هەموو سەرمایەی ماددیو مەعنەویی دامەزراوەی خانی لە لایەن ئەندازیار حاتەمییەوە دابین دەکرا. ناوبراو سەرەڕای ئاگاداری لە گیروگرفتەکان و گوشارە ئەمنییەتییەکانو کەشوهەوای سیاسیی قورسی ورمێ کە ڕێژیم بە هەموو توانای تەبلیغاتیو نیزامی و سیاسییەوە هەوڵی کپکردنی ئەم جۆرە بزووتنەوانەی دەدا، ساڵی ١٣٨١ بە پێکهێنانی دامەزراوەی کولتووریو هونەریی ئەحمەدی خانی بە دژی ئەم کەشوهەوایەو ئەم حەرەکەتە شوومە وەستا. وەجدیی حاتەمی بە ڕاکێشانی لاوانی هۆگرو بە هەڵوێست بوو هۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورەی فکری لە نێو خەڵکی کوردی ورمێ بە تایبەتی لاوانو لە ماوەیەکی کەم دا بە وەئەستۆگرتنی زۆربەی چالاکییە کولتووریو خەبەرییە کودییەکانی ورمێ، خزمەتی بە نرخو لەبیرنەکراوی بە کولتووری کوردی وپێشگیری لە پەراوێزخرانی هەر چی زیاتری کرد. هەر بۆیە هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە.

یاد و ناوی موهەندیس حاتەمی هیچ کات لە بیرەوەریی ئەم دەڤەرە لەخاکی کوردستان ناسڕێتەوە. لە خاکی باراندزی قاسملوی گەورەوە تا ناوچەی دۆڵ، لە سۆمای و برادۆستەوە تا دەگاتە مەرگەوەڕ، لە تەرگەوەڕەوە تا دەگاتە ئەنزەل، لە دەشت تا دەگاتە کەناربەڕۆژی ورمێ، هەزاران سڵاو پێشکەشی ئیرادە و ویژدانی ڕاپەڕیوی تۆ بێ. چیاکانی زێدەکەت، بۆزی سینا و دالانپەڕ شانازی بە ڕۆڵەیەکی وەک تۆوە دەکەن!

# حسێن یووسف زەمانی مۆسیقازانی گەورەی کورد کۆچی دوایی کرد



حسێن یووسف زەمانی، مۆسیقازانی ناوداری کورد و خەڵکی شاری سنە کە ماوەیەک بوو بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە دەکرد، ڕۆژی سێشەممە، ١٠ ی بەفرانباری ١٣٩٢ کۆچی دوایی کرد.

حسێن یووسف زەمانی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند لە شاری سنە لەدایک بووە، لە قوتابخانەی مووزیکی نیزام خوێندنی سەرەتایی تەواو کردو بوو بە کۆنسێرڤاتۆری باڵای مۆسیقا و دوایەش لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران خوێندنی باڵای لە مۆسیقادا تەواو کرد.

حوسێن زەمانی لە ماوەی ژیانی هونەریی خۆیدا لەگەڵ ئورکێسترەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران، فەرهەنگ و هونەر، سەمفۆنیک و ئۆپێرای تاران هاوکاری بووە و هاوکات لە زانکۆکانی مۆسیقادا وانەی هونەری دەگوتەوە.

ئەلبۆمەکانی «سەمفۆنیای مەرگی سوهراب»، «ڕەها»، «مارشی شەڕ»، «نیایش»، «شەپۆل»، «قەفەسی لەش» و «بۆنی باران» لە ئەلبۆمە دیارو ناسراوەکانی هونەرمەند حسێن یووسف زەمانی‌یە.

# فستیواڵی بووکەبەفرینە بۆ یادی کچانی قوتابخانەی شیناوێ

ناوەندی فەرهەنگی و هونەریی ئاوا لە شاری شنۆ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لەقوتابییانی قوتابخانەکانی ئەو شارەو ئەندامانی بنەماڵەکانیان فستیڤاڵێکیان بۆ یادی قوتابییانی زاماری ڕووداوەکەی شیناوێ بەڕێوە برد. لەو فستیڤاڵەدا کە ڕۆژی هەینی، ١٣ی بەفرانبار لە پارکی شێخ عەبدولعەزیز بەڕێوە چوو، پتر لە ٥٠٠ منداڵی قوتابیی کچو کوڕ بە دروستکردنی شێرە بەفرینە تەعبیریان لە خواستو ئارەزووی دڵیان دەکردو لەو فستیڤاڵەدا پۆلیک لە منداڵان قەبری سەیران یەگانەو سارینا ڕەسووڵزادەیان بە شیوەی سەمبولیک دروست کرد، کە بەهۆی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی قوتابخانەی شیناوێ گیانیان لە دەست دا. «شنۆباس» ماڵپەڕی نێوخۆیی کە لە شاری شنۆ بەڕێوە دەبرێ، وێڕای ڕووماڵکردنی هەواڵی ئەو چالاکییە دەڵێ کە دوو هونەرمەندی کوردی خەڵکی ئەو شارەش بە بەناوەکانی «سیامەند ئامینەدار» و «ڕافیع سەرڕووت» چەند گۆرانییو بەرژەمی تراژیدیکی هونەرییان بە یادی قوربانیانی کارەساتەکەی شیناوێ چڕی. شایانی باسە کە عەلیرەزا محەممەد نژاد، بەرپرسی فەرهەنگیی شوڕای شاری شنۆ دەڵێ مەبەست لەو چالاکییە ڕەخساندنی هەلێک بۆ شادیو خۆشیی منداڵان بووەو دوای فستیڤاڵەکەش خەڵات بە سەر کۆمەڵێکی زۆر لە منداڵانی بەشداردا دابەش کرا.







# سەدی ١٥ای خەڵکی ئێران نەخوێندەوارن

**عەلی باقرزادە، سەرۆکی ڕێکخراوی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئێران ڕایگەیاند کە سەدی ١٥ی حەشیمەتی ئێران نەخوێندەوارن.**



بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی مێهر، عەلی باقرزادە گوتی: «لەدوایین سەرژمێری حەشیمەتی ٦٧ میلیۆن و ٦٨١ هەزار کەسی سەرووی تەمەنی ٦ ساڵی، ٥٧ میلیۆن و ٣٦١ هەزار کەس کە سەدی ٨٥ی حەشیمەتی ئێران دەگرێتەوە خۆیان وەک خوێندەوار ناساندوەو ٩ میلیۆن و ٧١٩ هەزار کەس کە نزیکەی (١٤,٤) لەسەدی ئەم حەشیمەتیە ڕایانگەیاندوە کە بەهیچ شێوەیەک دەرسیان نەخوێندوەو نەخوێندەوارن. هەر بەپێی ئەم ئامارە بارودۆخی ٦٠٠ هەزار کەسیش لەم بوارەوە ڕوون نەبۆتەوە.

بەقسەی ناوبراو لە قۆناغی تەمەنی ١٠ تا ٤٩ ساڵ کە گرووپی مەبەست بۆ دابەزینی ئاماری نەخوێندەوارییە، لە ٥٠ میلیۆن و ٨٤٥ هەزار کەس لە حەشیمەتی ئەم گرووپە، ٤٧ میلیۆن کەس خۆیان بە خوێندەوارو ٣ میلیۆن و ٤٥٦ هەزار کەسی دیکەش خۆیان وەک نەخوێندەوار ناساندوەو بارودۆخی ٣٨١ هەزار کەسی دیکەش تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە.

هەروەها لە قۆناغی تەمەنی ١٠ تا ٤٩ ساڵاندا ١ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس لە نەخوێندەوارەکان لە شارەکان و ١ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار کەسیش لە ئاواییەکان دەژین کە لەم ڕێژەیە ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسی نەخوێندەوار پیاوو ٢ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسی دیکەش ژن بوون.

سەرۆکی ڕێکخراوی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئێران هەروەها گوتی: «بە سەرنجادن بە میکانیزمەکان و شێوازەکانی فێر کردن ئێران لە ئاستی جیهاندا پێگەیەکی باشی نیەو بەپێی ڕاگەیاندنی یونێسکۆ، ئێران لە بواری دەرس خوێندنەوە لەنێو ١٦٤ وڵات لە پلەی ٨٦دا جێی گرتوە.»